گفتوگۆی د. هاوژین سێیوە لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا

کاروان عومەر کاکەسوور، دەنگێکی دیاری دنیای ئەدەبیاتی کوردییە، سەرەتا بە چیرۆک دەستی بە نووسین کرد، دواتر ڕووی کردە ڕۆمان نووسین، تا ئێستا هەشت ڕۆمانی بڵاوکراوەی هەیە، لەو ماوەیەدا دوو ڕۆمانی دیکەی بڵاو کردۆتەوە، لە نووسینە بەراییەکانی هەست بە هونەر و جوانکاری و جۆرە ئەزموونێکی تایبەتی ئەو دەکرێ، ئەزموون بەو مانایەی لە ڕووی هونەریی و پێکهاتە و تەکنیکەوە لە ئاستێکی بەرزدان، هەر ئەوەشی لە چاوەڕوان دەکرێ کە بەردەوام ئەزموونکەی هەڵبکشێت، ئەگەرچی لە ڕۆمانکانی کاروان عومەر کاکەسوور ئیشیان لەسەر کراوە و چەندان نامە و تەزی ئەکادیمی لەبارەیانەوە نووسراون، بەڵام دنیای ئەو نووسەرە فراوانە، دەکرێ لە زۆر ڕووی دیکەوە قسەیان لە بارەوە بکرێ و وردتر بچینە نێو ناواخن و پێکهاتەی ڕۆمانکانی، چونکە ڕۆهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە و بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش نووسراون.
بەگومان سازدانی دیمانە لەگەڵی بە چوار پێنج پرسیار کۆتایی نایەت، بەڵکوو دەبە بە چوونە نێو جیهانی ئەو ڕۆماننووسە کتێبی چەند سەد لاپەڕەیی بنووسرێ، بەڵام لێرە، لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە تیشک دەخەینە سەر ڕۆمانکی مەردمنداڵەنەی و چەند پرسیارێکی ئاراستە دەکەین، لەبەر ئەوەی ڕۆمانی مەردمنداڵان لە نێو ئەدەبی کوردیدا ئەوەندە بایەخی پێ نەدراوە، لەپاڵ ئەو ڕۆمانەی کاروان عومەر کاکەسوور)، (عەزیزی مەلای ڕەش)یش ڕۆمانی (بەرە)ی نووسیوە، ڕەنگە یەک دوو دانەی دیکەش هەبن کە من نەمبینیبن، بۆیە بە پێویستم زانی لەم ڕووەوە لە ڕێی چەند پرسیارێکەوە بیدوێنم، پرسیارەکانم ڕووبەڕوو لە نەکردووە تا لانەو پرسیارەوڕامدراوەکان پرسیاری دیکە دەربهێنم و ئاراستەی بکەم، خۆشم بەو هەناسەیە پرسیارەکانم کردووە، کە وەڵامکان بایی ئەوەندە بن لە گۆڤارێکدا بڵاویان بکەموە، بە بڵاوکردنەوەشی گۆڤاری (ئامان)م بشایستە زانی.

یەکەم: تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی مەردمنداڵان چییە؟

کاروان کاکەسوور: پێویستە بەر لەوەی باس لە تایبەتمەندێتی بکەین، ئەوە بخەینە بەر چاو، کە ئەدەب هەر ئەدەبە. ئێمە کاتێ لە بەردەم تێکستێکداین، ئەوەی کارمان پێیەتی و لێی دەگەڕین، تەنیا مانایە.

ئەو مانایانەن وامان لێ دەکەن چێنیان بخوێنینەوە و چ لێکدانەوەیەکیان بۆ بکەین. تێکست هەیە سادەیە و تێکستیش هەیە قووڵە، بە چاوپۆشین لەوەی کە نووسیویەتی و نووسەرەکەی سەر بە چ هەگەزێکە، یان تەمەنی چەندە. ئێوانەی ئێمە لە هەر تێکستێکدا بڕیار دەکەوین، کەمێک ئاماژەن، کە ئێو ئاماژانە دەکرێت ببنە کلیلی کردنەوەی زۆر دەرگا، تا لێیانەوە بچینە ژوورەوە. لە پیشنگەیەکدا (ئێدگار دیگا)ی نیگارکێش بۆ (ستیفان مالارمێ)ی شاعیر دەڵێت:
(هەوێم دا شیعرێک بنووسم، بەڵام لە ئەنجامەکەی هیچ نەبووم. لەگەڵ ئەوەیشدا ئایدیای مەزنی هەبوون، کەچی نەمزامی بچی ئەوەم لە دەست نەهات).
(مالارمێ) پێی دەڵێت: (دێگای ئازیزم، شیعر لە وشە پێک دێت، نەوەک لە ئایدیاکان). لێرەدا مەبەستی (مالارمێ) لە (وشە) ئاماژەیە. بەگومان جۆرەکانی ئەدەب (Literary Genres) هەن، بەڵام سنووری گۆڕیان لەنێواندا نییە، کە هەر لە هێزگاری فەلسەفەی یۆنانییەوە تا ئەمڕۆ جێگەی بایەخ بووە و هێندەزان هووبەووی بوونەتەوە. هەمووبان لە یەک وەردەگرن و بە یەکەتری دەدەن، بە هادیەک خاڵی هاوبەش لەنێوان هەر ژانرێک و یەکێکی تردا هەیە. هاستیەکیشی ئێو چەمکە پشت بە بایەلۆجیا دەبەستێت، کە بوونەوەر بە هێگەز، جۆر و شێوە پەلەن دەکات.
گرنگە ئێوە بزانین، کە تیۆریستانی ئەدەب زۆر بە ترس و گومانەوە خەیان لە قۆڕی چەمکی (تیۆریی جۆرەکان) دەدەن، چونکە پێیان وایە دانانی سنوور لەنێوان جۆرێک و جۆرێکی تردا سەختە، بەیە نەیشیانتوانیوە، یان نەیانویستووە پێناسەیەکی کەنکریتی بۆ بکەن، تەنانەت (جیرار جینێت) دابەشکردنی جۆرەکانی ئەدەب بە کێشەیەکی سەخت دەزانێت. لەگەڵ دەرکەوتنی ئێو فەلسەفانەی بەگژ سێنتراڵیزمدا دەچنەوە، جۆرەکانی ئەدەب بایەخی گەورەتری پێ درا، بەوەی ئێوانە پێیان وایە هەر دابەشکردنێک لە لایەک سێنەوەی کەمێک هەهەندە و لە لایەکی تریش دەرخستنی هەندێک هێگەز لەسەر حیسابی شاردنەوەی هەندێکی تردا. بە مانایەکی تر سێنتراڵیزمی عەقڵ، کە بە کۆپووری (دێکارت) دادەنرێت و لە (نیتشە)وە دەکەوێتە بەر هێخنەی تۆند، هەمیشە دابەشکاریی هەناوێتە کایەوە، بەیە ئەدەبیش شانبەشانی فەلسەفە هەوڵی تێکشکاندنی سێنتراڵیزمی داوە و بایەخی بە ئێو چەمکانە گێڕاندووەتەوە، کە ئێو سێنتراڵیزمە بە لاوەی ناون. بە نموونە (هێلان بارت) بە تایبەتی لە (ڕاڤەی بونیادگەرانەی گێڕانەوە)دا هێخنەی گەورە لەو دابەشکارییە دەگرێت و پێی وایە فرەدیدگەیی پرسیاری داهێنەرە. واتە هەمێشە نگیی جۆرەکان وا دەکات

جۆرەکانی گۆرانی بژمار و بەستوور بن. بەم شێوەیە هەمەڕەنگی مانای دابەشکاری نییە و نابێت ستوور لەنێوان چیرۆک و ڕۆمان، شیعر و دراما، یان هەر ژانرێکی تر دابنرێت، کە دامودەستگەکان هەمیشە دەیانەوێت ئەوانە لە یەک جودا بکەنەوە. کەواتە بایەخدان بە ئەدەبی مەردمنداڵان لەوەوە نایەت، کە ستوور لەنێوان ژانرەکان دادەنرێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە کردنەوەی کەناڵی تری ئەدەبییە. بەگومان ئەدەبی مەردمنداڵان هەندێک تایبەتمەندێتیی هەن، بەوەی مەردمنداڵ خاوەنی کەمێک خەسڵەتی بایەلۆجی و سایکۆلۆجییە. کەمێگەی کوردی پیاوی دەرخستووە و ژنی شاردووەتەوە، گەورەی هێناوەتە پێشەوە و منداڵ و لاوی بە لاوەناون، بەیەبەشکی گەورەی ئەدەبی کوردی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو تێگەیشتنەوە. واتە ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ و گەورە لە منداڵ و مەردمنداڵ پتر ئامادەییان هەیە. لەڕەدا بایەخدان بە منداڵ و مەردمنداڵ مانای بەگژداچوونەوەی ئەو سێنتراڵیزمەیە، کە هاوکات کردنەوەی کەناڵی تر لەناو ئەدەبدا.

دووەم: بۆچی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر گرنگیی پێ نەدراوە؟

کاروان کاکەسوور: ئەدەبی کوردی زۆر کەم بە دوای نادیاردا گەڕاوە، بەڵکوو زیاتر خەڵکی لەو بابەتە دیارانە داوە، کە زۆرینە ناسیوینی. بەم شێوەیە چەمکە زۆقکانی وەک ئایین، نیشتمان، نەتەوە، چین و هیی دیکەی لەم بابەتە ئەدەبی ئەمەیان داپۆشیوە. نووسەری کورد لە تەنیایی ترساوە و هەمیشە دنیاییی لەو زۆرینەیە وەرگرتووە. بە مانایەکی تر، ئەو شتانەی نووسیون، کە خواستیان لەسەر بووە، بەیە سەیر نییە ئەگەر ڕەنگی سپی، فریشتە و پاکیزە بووبێتنە ناونیشانی بەشەکی زۆری تەکستی ئەدەبی و هونەری، بەوەی ئەوانە لای زۆرینە خۆشەویست و پیرۆزن، تەنانەت نووسەری کورد لە جێستەیشدا ئەو ئەندامانەی هەبژاردوون، کە زۆقن. لە حەفتاکاندا لە نووسەرێک دەپرسن لووتی ژن لای تۆ چ مانایەکی هەیە، ئەو دەڵێت کاتە لووتی ژن دەبینم، لە چاوی دەڕوانم، تا بزانم ئاخە چاوی جوانە. بۆەدا لووت ئەندامێکی زۆقی جێستە نییە و قسەی لەوە نەکراوە، ئەو ناتوانێت هیچی لەبارەیەوە بڵێت و ئەو ئەندامەی لە شوێن دادەنێت، کە زۆقە و زۆرینە لای پەسەندە. شتێکی ئاساییە ئەگەر منداڵ و مەردمنداڵ لە ئەدەبی کوردیدا ئامادەییان کەم بێت، یان هەر نەیانبێت، بۆەی وەک پێشتر گوترا سێنتراڵیزمی گەورە و نەرینە وایان کردووە منداڵ و مەیینە بشاردرێنەوە.
نووسەر کاتە لەبارەی دیارەوە دەنووسێت، ئەوانە دەڵێتەوە، کە

زانراون و خوێنەریش لەیان تێدەگات، بەڵام ئەگەر لە بارەی نادیارەوە بنووسیت، ئەوا پێویستی بە قووڵبوونەوەیە، چونکە ئەو پرسە ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت خەی واقیعێکی تر دابمەزرێنێت، واقیعێکی گریمانی. بە مانایەکی دیکە پێویستی بە کارەستەی ترە، کە ئەمە مانای وایە دەبێت زمانێکی تر و شێوازێکی تری دەربڕین دابهێنێت. لەرەدا بڕیارستێک لەنێوان نووسەر و زەرینەدا دێتە کایەوە، چونکە ئەوەی لەرەدا زەرینە بڕی دەکەوێت، شتێکی جیاوازە لەوەی هەتا ئێستا ناسیویەتی. دەگەمە ئەوەی بڕیم دەرنەکەوتنی منداڵ و مەردمنداڵ وەک کارەکتەری دانپێدانراو لە ئەدەبی ئەمەدا بە ئەو تێگەیشتنە میللییە دەگێتەوە، کە بە چەمکی کات هەیە و زاڵە. ئەو تێگەیشتنە هیراکتیکییە و لەسەر ئەوە دامەزراوە، کە مرۆڤی بەتەمەن دەخاتە سەرووی منداڵەوە، بگرە پێی وایە منداڵ تەنیا لە ڕووگەی گەورەوە دەتوانێت هەبێت. بۆیەدا ئەدەبی کوردی بە گشتی پابەندی ئەو تێگەیشتنەیە، کارەکتەری منداڵ و مەردمنداڵ ڕووبەڕووکی کەمیان بەر دەکەوێت. لە خەم نادەبینم بڕیم هەر لە سەرەتاوە ئەو تێگەیشتنەم تێک شکاندووە. منداڵ و مەردمنداڵ لە دنیای مندا زیاتر لە گەورە بایەخیان پێ دراوە.

سێیەم: ئایا حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی تا چەند خزمەتی بواری مەردمنداڵی کردووە؟

کاروان کاکەسوور: من لەرەدا چەمکی فۆلکلۆر بە مانا فراوانەکەی وەردەگرم، کە میتۆلۆجیا، سوپەرستیشن، ئەفسانە، نوکتە، پەند و هیی تر دەگرێتەوە. هەندێکیان لە شێوەی شیعر و هەندێکیان لە شێوەی چیرۆکدان. هاوکاتی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتەی و دەرخستنی ئاکامەکانی، کە لانی کەم ئەو ڕەخنەیە لە (نیتشە)وە دەست پێ دەکات، بە (هایدیگەر)دا تێدەپەڕێت و دەگاتە (فۆکۆ)، (دەڕیدا)، بگرە هەندێک ئەندامی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش دەگرێتەوە، بە تایبەتی (هەرکاهایمەر) و (ئەدۆرنۆ)، بایەخدان بە فۆلکلۆر زیادی کرد. بەرهەمەکانی ئانترۆپۆلۆجیستانی وەک (جیمس فرەیزەر)، (برۆنسیلاق مالینۆفسکی)، (کلود لیڤی شتراوس) و ئەوانەی تر لە لایەک و ئەوانەی سایکۆلۆجیستانی وەک (فرۆید)، (ئەدلەر)، (یۆنگ) و ئەوانەی دیکە لە لایەکی ترەوە دەرگەی گەورەیان بەسەر دنیای فۆلکلۆردا کردەوە، کە پێشتر لە ململانێی عەقڵ و ناعەقڵدا بە لاوە دەنرا و بایەخی کەم دەکرایەوە. دیارە ئەمە باسکی چۆ و قووڵە، کە ئەمە لەرەدا بوارمان نییە بچینە ناویەوە، بەڵام هەر دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو هەوڵانە بوونە هۆی دەرکەوتنی ئاستێی نوێ لە

ئەدەب و هونەردا، بەوەی دەستەواتی عەقڵ تەک شکا و دنیای خەیاڵ فراوانتر کرا. هەر لە سەرەتاوە ئەو ئاماژەیە نوێیە لە بەرهەمی نووسەرانی وەک (جەیمس)، (فەکنەر)، (ئیلیەت)، (کامیو)، (سارتەر) و ئەوانەی تردا جەنگی دایەوە. ئەو نووسەرانە و زۆری تر بایەخیان بە میتۆلۆجیا دا و لە بەرهەمکانیاندا ئیمپلەیینگیان کردن، بە هادیەک ناونیشانی زۆر لەو کارانە و ناوی کارەکتەرکانیشیانی گرتەوە، وەک بە نموونە لە سەرجەم بەرهەمکانی (جەیمس)دا دەیبینین. ئەمە زمانێکی تری سەپاند، کە جیاواز بوو لەو زمانەی ئاستوخەیەی پێشتر لە ئەدەبدا بە کار دەهات، بەوەی دیوێکی تری مرۆڤ ئاشکرا بوو، کە هیچ ناوەڕۆکێتی و بە نەست ناسراوە.
سەمبڵ ئەو جەگەزەیە، کە بەشێکی گەورەی میتۆلۆجیا پڕ دەهەنێت و ئاستەی جەراوجەر لە کاری ئەدەبیدا دەهەنێتە دی، بەوەی بە شێوەی مەتافەر بیرکەکان دەردەبڕێت، بەیە ئەو جەگەزە بەشداریەکی گەورەی لە نوێکردنەوەی ئەدەبدا کرد. هەر لەرەیشدا بایەخی زمان هاتە پێش، کە بووە هەی دەرکەوتنی کەمڵێک ئاستەی نوێ لە بواری لینگویستیگدا. بەوەدا میتۆلۆجیا پەوەندیی نێوان مرۆڤ و خواوەند لە خەی دەگرێت، کەمڵێک کەشەی ئێکزستەنشەڵ (وجودی) و ئیتیکەڵ (جەوشتی) دەردەهاوێژێت، بەیە چەمکی وەک خەڵق، مەرگ، ژیان، نەمری، زیندووبوونەوە و هیی دیکە لە ئەدەبدا دەرکەوتن، کە نەدەکرا بە بە گەیانەوە بە بواری فەلسەفە و سایکۆلۆجیا لەیان نزیک ببێتەوە. لەو جەگەیەوە تەکستی ئەدەبی توانای پەیدا کرد پەوەندیی بە تەکستی سەردەمە زووکانەوە بکات، بەو مەبەستەی لەیان وەربگرێت و بە شەوازی تەر دەریانبخاتەوە، کە ئەوە بە دەقئاوەزان (ئینتەرتەکستوالیتی) ناسراوە. سەیر نییە، کە ئەدەب لە سەدەی بیستەمەوە لە فەلسەفە جودا ناکرێتەوە، وەک بە نموونە لە سەرجەم بەرهەمکانی (کامیو)دا دەیبینین. با بە پرسیارەکەی تە بگەیینەوە و ئاوای لە بکەین:
ئایا ئەدەبی کوردی سوودی لە فەلکلەر وەرگرتووە؟ من پەم وایە فیکری کوردی سادەیە و بەشێکی زۆری ئەدەبی کوردی هەر خەی فەلکلەرە. پێشتریش لەم جووە نووسیومە و ئەوەم دەرخستووە، کە فیکری میللی چەن دژی هەر هەوەک دەوستێتەوە، کاتێ دەیەوێت بە ئاستەی جیاوازدا بجووڵێت. ئەو نووسەرە داهێنەرانەی دەرەوەی ئەمە لە دیدێکی فەلسەفیەوە بە فەلکلەر گەیانەوە، بەڵام بەشێکی زۆری نووسەری ئەمە هێشتا نەیانتوانیوە لەژێر دەستەواتی فیکری میللی بێنە دەرێ، تا ببنە خاوەنی فیکری فەلسەفی و لەوەوە بە کەڵەپووری کوردی و هیی دەرەوەی کوردی بڕوانن. ئەو هەوڵانەی لەم بواردا دراون، هێشتا پێ نەگەیشتوون، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە

ئەو هەوڵانە فراوانتر دەکەم.

چوارەم: بە گشتپەدانی ئەم بوارە چی بکرێت؟

کاروان کاکەسوور: کاتێ بایەخ بە ئەدەبی منداڵان و مەردمنداڵان دەدەین، دەرگێ لەسەر کۆمەڵێک بەهرەی نوێ دەکەینەوە. ئەمە وا دەکات مرۆڤی ئەمە لە تەمەنێکی زووەوە خەریکی خوێندنەوەیەکی جیاواز ببێت، کە لەمەوە ئەزموونی گەورەتر بەرهەم دێت. بایەخدان بە ئەدەبی منداڵ و لاوان جۆرێکە لە تێکشکاندنی سنتراڵ و بەگژداچوونەوەی ئەو باوەڕە زاڵەیە، کە پێی وایە ئەدەب تەنیا هیی گەورەیە. بە مانایەکی دیکە، گشتکردنی ئەدەبی لاوان واتە دەرکەوتنی کەناڵی دیکەی دەربڕین، کە ئەمە دەبێتە هۆی تێکشکانی ئەو سنتراڵیزمەی ئەدەبی گەورانی لەسەر وەستاوە. وەک پێشتر گوترا دوای دەرکەوتنی ئەو فەلسەفانەی بە فەلسەفەی تێپەڕاندن ناسراون، ئەدەب زیاتر ئازادیی بە دەست هێنا و لە قاڵب و کێشەکان دوور کەوتەوە. وای لێ هات نووسەری داهێنەر و ئەزموونگەر خۆی لە هەموو ئەو بابەتانە بدات و بە شێوازی جیاواجیار باسیان بکات، کە پێشتر بە لایدا نەچووبوون. من پێم وایە ئەگەر ئەمە لە قۆناغی سەرەتایی و ئامادەییدا گرنگاری تایبەت بە خۆمان هەبوونایە، دەمانتوانی تەعبیر لە خواستەکانمان بکەین و ئارەزووکانمان بستووێنین، تا هیی دیکەی گەورەتریان لێ بەرهەم بێت، نەوەک بیانکەینە تێپەڕی چاق و بێ ئایندەیان هەبگرین.
ئەودەم هەندێکمان تێر دەبووین و هەندێکمان تینوویەتیمان نەدەشکا، بەڵکوو بە شێوەی چاکتر بەردەوام دەبووین. بەشی زۆری نووسەری ئەمە بە گەورەیی دەردەکەون، بەیە ئەو شتە سادانە دەڵێن، کە دەکرا لە سەرەتایی و ئامادەییدا بیانگوتنایە. زۆرجار بە هاوڕێکانمم گوتووە ئەگەر دەبینن ئەو هەموو شەڕەجنێوە لەنێو نووسەرانی ئەمەدا هەن، ئەوە بەشێکی پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە بە گەورەیی ڕێیان کەوتووەتە ناو دنیای نووسین. نەیانتوانیوە ئارەزووە سادەکانیان لە کاتی خۆیدا دەربڕن، بەیە لەگەڵ خۆیاندا بێ ئەمەیان هێناون. خوێندنەوە و نووسین کاتێ لە تەمەنی زووەوە دەست پێ دەکەن، پاڵ بە نووسەرەوە دەنێن بەردەوام بخوێنێتەوە و خۆی ماندوو بکات، بەپێچەوانەوە بە گەورەیی کەم فێر دەبێت، لێ کاتێکدا ئارەزووی زۆریشی بێ دەربڕین هەیە، چونکە بڕدەوام دامودەستگەی کۆمەڵایەتییکانی وەک خێزان، قوتابخانە و ئێوانەی تر سڕکوتیان کردوون، بگرە بێ چاوی نزم لێیان ڕوانین و وزەیان کوشتوون. هەتا چەند ساڵ لەمەوبەریش ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی لە لاپەڕەکانی کۆتاییان گاڵتەیان بە بەرهەمی لاوان دەکرد و هەوێیان دەدا تێکیان

بشکێنن. ئەمە ئەو کلتوورە بە شێوەی تر درێژی هەیە.
لێرەدا خاڵێکی گرنگتر لەوانە هەیە و دەبێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش ئەوەیە، کاتێ لە تەمەنێکی زووەوە دەست بە نووسین دەکەین، وردەوردە خەمان لە بوارێکدا دەبینینەوە، کە بتوانین خەمانی بۆ تەرخان بکەین و تێیدا قووڵ ببینەوە، بۆ ئەوەی لە بوارەکانی تریش دوور بکەوینەوە، بۆ هەمووی هەوڵ و هەوڵدانیان پێکەوە هەیە. بەشی زۆری نووسەری ئێمە چونکە بە گەورەیی دەستیان پێ کردووە، بواری خۆیان نەدۆزیوەتەوە، بەکوو لە هەموو بوارێکدا کار دەکەن، ئەمە ماننووسە، سبەی شاعیر و دووسبەی چیرۆکنووس و دواتریش هەڵبەستگر، بێ ئەوەی لە هیچیاندا قووڵ بووبێتەوە، بەکوو بە شێوەی کیریەسیتی (فزووڵی) هەندێک زانیاری پەیدا دەکات و بە سادەیی بە کاریان دەهێنێت. لەو کلتوورانەی لە ئێمە زیاتر هەنگاویان ناوە، خوێندنی گشتی ئاستێکی بەرزتری لەوەی ئێمەی هەیە.
هەر قوتابیەک تا دەگاتە کۆتایی هەشت و نۆ دەیان کتێبی گرنگ لە بواری جۆراوجۆردا دەخوێنێتەوە و کەمێک باسیش دەنووسێت، لە کاتێکدا بڕێکی زۆری نووسەری ئێمە تەنانەت لە بوارەکەی خۆیشیاندا دوو کتێبی گرنگیان نەدیوە، بەڵێ کاتێ لە گوتار و گفتوگۆکانیاندا دێنە دەنگ، بە زمانی خۆیان کەمێک ڕستەی سادە دەردەبڕن، کە هەندجار دەتخەنە پێکەنین. واتە تا ئێستا قوتابخانە هیچ کاریگەرییەکی لەوەدا نەدیوە قوتابی بخوێنێتەوە و هەوڵی نووسین بدات. دواجار پێم وایە ئەدەبی مەردمنداڵ دەکرێت هەم خۆیان بینووسن و هەم نووسەری بۆ تەرخانبکرێت.

دەتوانیت لەبارەی ئەمانی (ئیبنەکی سوور و ملپێچکی ڕەش)ەوە چی بڵێیت. کە نموونەیەکی ئەدەبی لاوانە؟

کاروان کاکەسوور: کاتێ تەمەنم گەیشتە شانزدە، دروستتر کاتێ گەیشتمە قۆناغی ئامادەیی، هەستم کرد منداڵیمم تەواو لە دەست داوە و وا خەریکە قۆناغی هەرزەکاریشم بەبێ هیچ گەڕانکاریەک بە سەر دەچێت، بۆیە ڕەشبینییەکی کوشندە گەمارۆی دام. بیری هەموو شتێکی منداڵیمم دەکرد. بە مانایەکی دیکە وام دەزانی منداڵکم و وون بووم، بگرە خەمم لە دەوروبەرەکدا دەزیوەتەوە، کەسی تێدا ناناسم، تەنانەت ناتوانم لەگەڵیاندا بدوێم، بۆی نە لێم تێ دەگەن و نە لێیان تێ دەگەم. لە خەمم دەپرسی ئایا ئابردووم بە جێ ماوە، یان پێشم کەوتووە؟ نەمدەزانی ئاخۆ دەبێت بە ئەو ئابردووە بگەڕێمەوە، یان بەرەو پێشەوە ئا بکەم، تا پێی بگەمەوە، یان هەوە بدەم لە بیر خەمی ببەمەوە؟ ئەگەر پێی گەیشتمەوە، پەویستە بیکوژم، یا لەگەڵ

خەمی بهێنم، یان بیکەمە جلکی ئاودامان و تا ماوم بیپۆشم؟ ڕاستییەکەی سەرم لێو هەستە سڕیە دەرنەدەچوو، بۆیە پێنام ناوەوەم دەبرد. وام دەزانی لە دەرەوە شتێک نەماوە دەنەوایی خەمی پێ بدەمەوە. دەتوانم بڵێم ئەدەبی بایەگرافیا بە شۆوێکی خۆسکانە لای من سەری هەڵدا، بۆی نەدەکرا ئێو هەستەم لە ڕۆگەی نووسینەوە دەرنەبڕم. بەر لەوەی یەک دەڵێ (شۆپێنهـــــــــــاوەر)، (نیتشە)، (هایدیگەر)، (کامیە) و ئەوانەی ترم خوێندبێتەوە، چەمکی ئازار ڕووبەڕووم بووەوە.

من لەڕدا هەمیشە دوو جەر نووسەرم لە یەکتر جودا کردوونەتەوە، کە یەکەمیان، ئەوەی ئازاری خەی دەنووسێتەوە و دووەمیان، بە شۆوەی کیریەسیتی لەبارەی ئازاری ئەوانەی تردوە دەدوێت. یەکەمیان تەعبیر لە وجـودی خەی و دووەمیـان تەعـبیر لە شـت دەکـات، بۆیە ئەوەی دووەمیـان شتێکـی ڕووکەشە و ئاسـتی زمـانی ڕەزانە تە نـاپەڕنێت، بەڵام یەکەمیان قووڵە. بۆچی قووڵە؟ چونکە تاکە. ئەوەی ئەمە لە کەمە جودا دەکاتەوە و بە (تاک)مان دەگەڕێت، ئازارە، بۆیە تاک مەژووی هەیە، کە ئەو مەژووەی لەناو ئازار دامەزراندووە. هەر ئەویشە خاوەنی ئەزموونە. بەگومان ئازار شەوازیش دەدەزێتەوە. ئەو نووسەرەی بە شۆوەی کیریەسیتی ئازاری ئەوانەی تر هەست پێ دەکات و دەینووسێتەوە، نابێتە خاوەنی شەوازی خەی، بەڵکوو هەر جارە شەوازێک قەرز دەکات. لەم ڕەزانەدا هاوڕێیەکم بە بیری هێنامەوە، کە لە پەلی پێنجەمی ئامادەییدا گوتەی (ئازار مرۆڤ فەر دەکات)ی (ئیسکیلیەس)ی شانووسی یۆنانیم، لەسەر بەرگی یەکێک لە کتێبەکانمدا نووسیبوو، کە بە لووتکەی ترجیدیا ناسراوە.

لە سەدەی نۆزدەمەوە چ فەلسەفە و چ سایکۆلۆجیایش ئەوەی بایەخیان پێ داوە، ئازار بووە، نەوەک ئاسوودەیی، کە هەر لەڕدا ئاماژەی ئێکسیستەنشالیزم چاو هەڵدەهێنێت، تەنانەت (ئەدەرنە) دەگاتە ئەوەی بڵێت: (با بهەڵێین ئازار بدوێت). پێشتر (نیتشە) هەموو ژیانی خەی بە ئەوە تەرخان کردووە قووڵاییی ئازار دەربڕێت، بە تایبەتی لە کتێبی (جینالۆجیای مۆڕاڵ)دا. لەو سەردەمدا کەمێک نووسەرم ناسین، کە (دەستایۆفسکی) و (کافکا)م لە هەموویان جودا کردەوە. دواتر بە دنیای (جەیس)، (بیکیت) و کەمێکی تر ئاشان بووم. بەم دەرکەوت نووسەرە داهێنەرکان ئەوانن ڕۆگەیان داوە ئازار لە جیاتیی خەیان بدوێت.

وەک گوتم نەمدەزانی منداڵیم لە ڕابردوو جێ ماوە، یان پێشم کەوتووە و جێی هێشتم، کە ئەمە ڕووبەڕووی پرسیاری (کات چییە)ی کردەوە و پاڵی پێوە نام ئەو چەمکە تەنیا لەناو فیزیادا نەبینم، بەڵکوو لە فەلسەفەیشدا بە دوایدا بگەڕێم. پەم وایە هەر خوێنەرێک

بەرهەمەکانم بخوێنەتەوە، ئەو دوو خاڵە بە زۆقی هەست پێ دەکات. واتە دەربڕینی قووڵایی ئازار و تەکشکاندنی زەمەن. ئەگەر بە تایبەت باس لە ڕەهانی (ڕیبەرێکی سوور و ملپەچکی ڕەش) بکەم، دەڵێم وەک سەرجەم بەرهەمەکانی دیکەم لەناو ئەو ئازارەدا چاوی هەڵهێنا و ئەو تێگەیشتنەی بە کاتم هەبووە، تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕاستییەکەی وەک لە پێشکییەکەیدا نووسیومە سەرەتا چیرۆکێکی تەواونەکراو بوو، بەڵام دواتر پێیدا چووموەو و بە ڕەهان گەیا. زۆرینەی کارەکتەرەکان منداڵ ومەردمنداڵن، بەڵام مانای ئەوە نییە بە لای گەورەییشدا نەچووە. هێندە هەیە گەورەکان بە ژیانی منداڵ و مەردمنداڵکانەوە خەریک کراون. بە مانایەکی دی، پێچەوانەی زۆرینەی ئەدەبی کوردی، کە منداڵ و مەردمنداڵ لە پەراوێزی دنیای گەورەدا دەردەکەون، لێرەدا ئەو پەراوێزە هەڵگیراوە. هێندێک پێیان وایە زمان و تەکنیکی ڕەهانەکە هیی گەورانن، کە من لەگەڵیاندا هاوڕام، بەڵام دەڵێم ئەمە بایەخە بە دنیای منداڵ و مەردمنداڵ. ئەگەر لەسەر بەرگی نووسراوە (ڕەهانی لاوان)، مانای وا نییە بە تەمەنێکی دیاریکراو نووسراوە.

سەرنج:
کاتە لە گەڵ (ئامان)دا بەسەر کراوەتەوە، بە هەڵە وشەی (تەکستوالیتی) نووسراوە، کە ئاستییەکەی (ئینتەرتەکستوالیتی)یە و لە بەرهەمەکانی پێشووشمدا هەر ئەویان نووسراوە. (کاروان)

د. هاوژین سێیوە



د. هاوژین سێیوە

ئیخوان و ستەمکاریی ئاینیی.. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

ئاگەر ئاوە لە مژووی سەدەکانی ناوەڕاست بدینووە، بە حوکمی ئاوەی ئاین و فەرمانڕەوایی ئاوەتەی یەک ببووون، ستەمکارییەکی گەورەی ئاینیی سەرتاپای ئەوروپای داپۆشیبوو، ئەم ستەمکارییە گەیشتبووە رادەیەک نەک هەر بەباوەڕانی گرتبووەوە، بەڵکو پەیڕەوانی ئاینزا جوداکانی ناو یەک ئاینیشی نەبواردبوو. بە نموونە دادگاکانی پشکنین، جیا لەوەی سزای بەباوەڕانی دەدا، یان سزای هەموو دەنگەکی دەدا کە دژی دەسەڵاتی کەنسا بەرز دەبووە، هاوزەمان ئەم دادگا کاسلیکیانە کەمیان بە مەسیحییە پرۆتستانەکان نەدەکرد. بە کورت و کرمانجی، ئەزموونی سەدەکانی ناوەڕاست ئاوەی پێی نیشاندراین، تەکەڵاوکردنی ئاین و سیستمی فەرمانڕەوایی جگە لە ستەمکاریی ئاینیی هیچی تری لە شین نابێت.

ئیخوان موسلمین بە هەمان نەفەسی کەنسای سەدەکانی ناوەڕاستەوە، لە ژێر دروشمی "ئیسلام چارەسەرە" ماوەی 85 ساڵە لە هەوڵی بەوچاندایە بەئاوەی ئاین بکاتە بنەمای فەرمانڕەوایی سیاسیی. ئاگەرچی ماوەی 84 ساڵە لە ژێر پەستانی حکوومەتە نیمچە عەلمانییەکانی میسردا بووون، بەڵام ئاوەی رابەرانی ئیخوان لە هەموو ئاو ماوەیەدا تیەڕیزیان کرد، دروستکردنی بنەمایەکی فکریی بوو بە بەستنەوەی ئاین و دەسەڵاتی سیاسیی بە یەکترەوە. وەڵە ئیخوان تا شەشی یەنایری 2011 زیاتر وەک قوربانی دەهاتە بەرچاو، بەڵام فکری ئیخوان ئاوەی لە دەخونرایەوە لەگەڵ گەیشتنیان بە دەسەڵات، شاویان لە قوربانییەوە دەگەڵ بە جەلاد. ئەم شەمانەیەش لە ماوەی یەک ساڵی حکومی "مورسی"دا میسداقییەتی خەی سەلماند.

ڕەنگە تا ئێستا وا زانرابێت، ستەمکاریی ئاینیی یان پشکنینی بیروباوەڕ تایبەتە بە ئاینی کریستیانیی، بەڵام لە واقیعدا ئاو تەزە کەڵەوارە، چوونکە دەشە لە هەموو حاڵەتکدا ئاگەر ئاین بکرێتە بناغەی فەرمانڕەوایی هەمان ستەمکاریی بەتە ئاراوە. هەروەک "هاشم ساڵح" باسی دەکات: زیاد لە جارەک ویستیان باوەڕمان پێبهێنن دادگاکانی پشکنین تەنیا تایبەتە بە مەسیحییەت و هەرگیز ناشەت و

ناکرێت لای ئەمە روودەدات. ئەبەتە ئەوە قسەیەکی بێ بناغەیە، بەڵگە مێژوویەکان لە ئێستا و ڕابردوودا، ئەو بەچوونە بەتاڵ دەکەنەوە، ڕوونی مێژوویی هەردوو ئایینەکە دەیسەلمێنێ تێگەیشتنی هەڵە و دەگمەن بە ئایین، خۆ بە خۆ دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی دادگاکانی پشکنین و زەبر و زەرکردن لە ئایندا.

لە ماوەی یەک ساڵی حکوومی ئیخوان لە میسر، بەدەر لەوەی ژێرخانی ئابووری زیانی گەورەی بەرکەوت، کەرتی گەشتیاریی هەرەسی هێنا، هێمنایەتی و بێکاریی گەیشتە لوتکە. لە هەمان کاتدا دەوڵەت بە شێوەیەکی چڕ کەوتە پەلاماردانی ئازادییەکان و سەرکوتی بیروڕای جیاواز و داپڵاسینی مەعنەویی ڕۆشنبیران و دەمکوتکردن و دادگایکردنی هونەرمەندان. هەروەک "باسم یوسف" پێشکەشکاری کەناڵی CBC پێناسەی ئەو دەخڵی میسری بە چیرۆکی ئەلف لیلە و لیلە کردبوو. کە لەو چیرۆکەدا ئەندامانی ئیخوان، ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەوانان بە شەلاتی و بەڵتەچی "گەرەشۆن" ناو دەبەن. ئیخوان شێوازی دایەڵەگ و لەکگەیشتنیان گەیی بە نەڕە نە و خەسپاندن.

لایەکی تریشەوە، ستەمکارییەکی نوێ لە بڕامبەر قیبتییە مەسیحییەکان لە نەشونمادا بوو، کە مەترسی کپەسەندنی جەنگێکی مەزهەبی لەدەکرا. ئەو ستەمکارییەی لە ماوەی یەک ساڵی حکومی ئیخواندا دژی قیبتی و مەسیحییەکان بەرووچوو نموونەی لە مێژووی میسردا نەبینرابوو. هەروەک "د.نەجیب جوبرائیل" ڕاوێژکاری یاسایی کەنیسەی قیبتییەکان، ئاماژەی پێدابوو "لە سەردەمی موبارەکدا قیبتییەکان بە خراپترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، بەڵام لە سەردەمی مورسی خەڵتانی خوێن کران. لە زەمانی ڕەمانییەکانەوە تا ئێستا ڕووبەڕووی کارەساتی وانبوونتەوە وەک ئەوەی هەنووکە ڕووبەڕووی دەبنەوە". ئەمەش ئەو دەخەمان بیر دەخاتەوە کە بیرمەندی سودانی "حاج وەراق" لە بارەیەوە دوا بوو، کاتێک وتبووی "ئیخوان لە ئەزموونە باشکانی مرۆڤایەتی داماندەبڕن".
خولاسە، ئیخوان نەک نەیتوانی لە ئاست داوا و خوونکانی کەمەڵگەی میسریدا بێت، بەڵکو دەیویست لە ڕێگەی ئیخوانیزە و ئیسلامیزەی کەمەڵگە لەسەر شێوەی ئیسلامگەرایی ئیخوانیی، هەموو خەڵکی میسر لە قاڵب بدات، بە ئەمەش سەی لەوە نەکردەوە حکوومەت لە دەزگایەکی ئیداریی و سیاسییەوە بکاتە دادگای پشکنینی بیروباوەڕ و دامەزراوەیەکی سەرکوتکاری ئاینیی. لەبەر ئەم هۆیە، شەڕشگێڕان لەنگەڵان ئیخوان موسلمین لە بەری پێشخستنی کەمەڵگە، چەندین هەنگاو میسر بباتەوە بە دواوە.

پشتریش "خلیل ئلعانانی" لە کتبەکیدا "ئیخوانکانی میسر، ململانێی پەکەوتەیەک لەگەڵ رژگار" باسی لەوە کردبوو، ئیخوان ناتوانێت ببێتە هێزێک لەگەڵ دیموکراسی هەبکات، چوونکە هیچ بۆچوونێکیان بە بۆهاکانی دیموکراسی نییە. ئلعانانی ئاماژەی بۆ دابوو "لە هەمبەر دیموکراسی سپیسەکی گۆڕەیە لە ناو ئیخواندا. چوون ئەوان ئەم چەمکە وەک مومارسە سەیر دەکەن نەک بۆهاکان. لەو سەنگەیەی ئامادەییان هەیە بۆشداریی هەبژاردن و خەپیشاندان بکەن، بەڵام قەت نەبووە بۆچوونیان بە دادپەروەریی و ئازادیی و یەکسانی هەبە وەک بۆهاگەلێگی گرنگی دیموکراسی". هەر لەم روانگەیشەوە بوو لە ماوەی یەک سادا، مورسی و ئیخوان لە بری ئەوەی پایەکانی دیموکراسی لە میسر بۆهێز بکەن، خەریکی هەوشاندنەوەی ئەو ژەرخانە بوون کە ئەگەری ئەوەی لەدەکرا ئەو وەاتە بەرەو دیموکراسییە بپەننەوە، بە هەنادی ئەو ئامانجش سەرقاڵی بۆهێزکردنی دەسەاتێک بوون کە جگە لە ستەمکاریی هیچی تری لە چاوەوان نەدەکرا.

دوا پەردەی شانۆگەرییەکە یان کۆتایی ئیخوان؟

ئەگەرچی "ئیخوان" ماوەی 84 ساە، هەوەی بوچانی دا، بە ئەوەی دەسەاتی سیاسیی بگرێتە دەست، بەڵام لە یەکەم ئەزموونی خەی لە دەسەاتدا، نەیتوانی لە یەک ساە زیاتر بەرگە بگرێت، چوونکە میسری ساتوەختی دەسەاتی ئیخوان، بە یەک چرکەش پشووی بە خەیاوە نەبینی، بەڵکو ئەجیندا مەترسیدارەکانی ئیخوان و مورسی، زیاتر تاوی بە ئاگری شۆشەک سەند کە دژ بە ستەمکاریی لەو وەاتە بەرپاکرابوو. ئیخوان جیا لەوەی دەیویست بەرنامە وشکهەاتوو ئاینیی و ئایدەلۆجیەکەی خەی بسەپێنێت و کۆمەگەی میسریی لە چوارچێوەی بەرنامەی ئاینی و سیاسیی و کۆمەایەتی ئیخواندا لە قاەب بدات، لە هەمان کاتدا لە رووی ئابووری و خزمەتگوزاریی و بوژانەوەی بژێویی هاووەاتیان و پەیوەندیی دیبلۆماسییەوە، میسری زەر بەرەو دەخکی خراپتر لەو دەخە برد کە دەسەاتی سیاسیی بە دەستی "موبارەک"ەوە بوو.

لە ماوەی یەک ساەی ئەزموونی دەسەاتدارێتی ئیخواندا، ڕەسیدی جونەی میسریی بە ڕژێیکی باوەڕ پێنەکراو لە بەرانبەر دەلاری ئەمریکی دابەزینی بە خەوە بینی، کەرتی گەشتوگوزار کە کەگەیکی سەرەکیی ئابووری میسر بوو، زیانی چەند ملیار دەلاریی بەرکەوت. عەجز لە بودجەی گشتیی دەوەتدا، گەیشتە دوو هەندەی سانی پشووتر، ڕژەی بێکاریی گەیشتە سیانزە لە سەد، بواری بەرهەمهێنان

گەیشتە بارەکی زۆر ترسناک، کە زیانەکانی لە چەندین ملیار دۆلار تێپەڕیان کردبوو. بەرنامەی ئیخوانەکان نەک نەیدەتوانی ئەم کێشە زۆر قوواڵنە بە پێی پرەسەسک بکرێو چارەسەر ببات، بەڵکو خودی دەسەاتەکانی دەوای ڕاژە لە دوای ڕاژە قەیرانەکانی قووڵ و قووڵتر دەکردەوە.

لە سەر هەموو ئاستەکان، کەمەگەی میسری پاش شەش، وەزعی لە کەمەگەی میسری پێش شەش، خراپتر بوو، ئەم دەخەش بە شەشگەەان و خاوەنە ڕاستەقینەکانی ڕاپەینی دژی ستەمکاریی کە گەنجان و ڕووتە عەلمانییەکانن، قابیلی قبووڵکردن نەبوو. چوونکە مورسی و ئیخوان دەیانویست ئێو بە و پەاوەزە ئازادییەی پێشتر لێو وەاتەدا هەبوو، لە ڕێگەی سەپاندنی بیر و باوەە سەلەفیی و وشکهەاتووەکانی خەیانەوە لە بەینی ببەن. هەر بۆیە مەترسییەکی گەورە لەسەر بواری هونەریی و پێیوەندیی کەمەایەتی و ژیانی تاکە کەسی هەبوو، لەبەرئەوەی ئیخوان دەیویست هەموو ئەوانە لەسەر ستەراکتەری کولتوورەکی کەنی بیابانشینی تەمەن 1400 ساە وەنا بکاتەوە.

کەمەگەی میسر، شارستانەتی گەلی میسر، کە قووڵایەکی زۆر دەرینی هەیە، لە بەردەم هەەشەی ئیخوان و ئێو ئاجیندا ترسناکدا بوو کە مورسی تەمای پیادەکردنی بوو. ئیخوان ڕێگاکانی تونەدوتیژیی مەعنەویی بە کاردەهێنا بە ئەوەی کەمەگە خەی ڕادەست بکات، ئەم واقیعەش بە میسرەکی چاوگی فیکر و سیاسەت و ڕەشنگەریی عەرەبی، نەک هەر مایەی قبووڵکردن نەبوو، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک دژی ئێو ڕووتە بوو کە شەش لە پێناویدا لە دژی موبارەک بەرپاکرا.
لە میسری ژێر دەسەاتی ئیخوان، هاووەاتیبوونی تاک بە تاکی میسرییەکان "ئەگەر لەسەر بنەمایەکی ئاینیی خەیان ڕەکنەخستبایە" لە بن هەەشەدا بوو. چوونکە ئیخوان هەرچەندە بانگەشەی میانەویی بکات، بەەام سەرئەنجام نەیدەتوانی لە خەونە گەورەکە خەی دەرباز بکات کە دامەزراندنی دەوەتێکی تیۆکراتییە. لە مەژوودا ڕووبەڕووی هیچ دەوەتێکی ئاینی، دیموکراسی بووبێت، بەڵکو دەوەتی ئاینی و دیموکراسی دوژمنی باوەکوژی یەکترن. هەروەک "ئەدۆنیس" شاعیر و بیرمەندی عەرەب ئاماژەی بە دەکات: مافی تاک لە باوەە و ئاینپەروەریی هیچ مشتومەێک هەەناگرێت، ئێو مافەکە من ڕەزی لەدەگرم و داکۆکی لەدەکەم. بەەام کەمەگە بۆ سیفەتەی گشتەکە، لەسەر بنەمای هاووەاتیبوونی ئاینی ناوات بەەوە، بەڵکو لەسەر هاووەاتیبوونی مەدەنی دەبێت. تەنیا بەمەش مافەکانی مرۆڤ، دوور لە باوەە و ئینتیما و توخم و ڕەگەز و بنەچەیەکی کەمەایەتی، مسۆگەر دەکرێت. هەر بۆکارهێنانەکی سیاسییانەی ئاین، بە خەی

شەوازەکی توندوتیژییە نەک لە دژی جەستە، بەڵکو لە دژی ڕەحیش.

کۆمەڵگەی میسر، پێشبینیان هەبوو بە ئەو ڕەوتەی ئیخوان گرتبوویە بەر، بەو پێیەی هەر لە سەرەتاوە، مورسی کە لە پشتیوانی رابەری گشتیی ئیخوان و بەرنامەیەکی جەهەنمی ئیسلامی سیاسیی ئامادەیی هەبوو، خواستی هەبوو، میسر بکاتە نموونەیەکی تاقیکراوەی ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی ئیخوان، ئەزموونەکی دەسەڵاتدارێتی لەسەر بنەمای ئاینەک یان خوێندنەوەیەکی دیاریکراو بە ئاینەک قاچی لەسەر عەرد دانابوو. بەڵام ژ بەرئەوەی ئەو بەرنامە و خەونەی مورسی و ئیخوان هەیانبوو، دژی هەموو بەها مەدەنیی و مودەرنەکانی ژیانی هاوچەرخی مرۆڤایەتی بوو، دژی سکۆلاریزم و دیموکراسیی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئایندەی پێکەوە ژیان بوو، نەیتوانی لە قەناغی دەسەڵاتداریی تێپەڕێت و لەگەڵ لە دایکبوونیدا بوو بە جەستەیەکی ساردەوە بوو. هەر بۆیە بەم شێوەیە دوا پەردەی شانۆگەریی لەسەر ڕەڵی کارەکتەری ئیخوان دادرایەوە و بە لە سێدارەدانی مورسیش دوا بزمار لە ڕوئیای ئیخوان درا بە جارێکی تر هاتنەوە سەر دەسەڵات.

گەڕانەوە بە خەونەکانی شەش

خۆشبەختانە هەر لە دەستپێکەوە لەو بەوایەدا بووم، شەش و ڕاپەڕینەکانی وەاتانی عەرەبی کە لە تونسەوە تاوی سەند و تا نهەش لە سوریا بەردەوامیی هەیە، شەش نین لە پەناوی ئامانجی ئاینیی، بە دیوێکی تردا فاکتەری سەرەکیی لە تاوسەندنی شەشەکان، بەرەنگاریی سەرکوتی ئاینیی نەبوو، یان ئامانجی لەی هەوەدان نەبوو بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینیی، یاخە ئیسلامی، بەڵکو لە ستەرکتەرەوە ئەم شەشانە شەشی نان و ئازادیی بوون، شەش بوون لە پەناوی باشترکردنی هەلومەرجی ژیان لە کۆمەڵگە عەرەبییەکان، شەش بوون لە پەناوی بەرینکردنی مەوداکانی ئازادیی و چەسپاندنی دادی کۆمەڵایەتی، کە هەر یەک لەمانە بەشکن لە کرێکی دیموکراسی، کە لە دونیاشدا هیچ نموونەیەکی دیموکراسی بە بە بوونی عەلمانییەت لە ئارادا نییە.
ئەگەرچی لە ساتەوەختەکی دیاریکراودا، جەرەک لە ڕەشبینی و نائومێدیی لە هەمبەر ئەو شەشانە تەنگی پێ هەڵچینبووین، بەو پێیەی لە بەشایی دەسەڵاتدا و لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکان لە میسر و تونس، کەرقی ڕەکخراوە ئیسلامییەکان ڕووی لە هەڵکشان کرد و لە دوا وەستگەشدا "ئیخوان موسلیمین" لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە توانی هەڵەکە بە ئاسانی بقۆزێتەوە و دوای 84 ساڵ تەمەنی سیاسیی بگاتە سەر عەرشی دەسەڵات. بەڵام هەرووک بیرمەندی ناسراوی عەرەب "هاشم ساڵح"

بی چوو بوو، "لە قۆناغی یەکەمدا لە باتی پشوو چوون، پاشکشێیەک دەتە ئارا". بگوومان هاتنە سەر دەسەاتی ئیخوان، فەرمەک لە پاشکشەی شەش بوو، یاخە هەرسی خۆنی شەشگەان بوو، بەام ئەم پاشکشێیە لە ساەک زیاتری نەخایاند.

ئیخوان لە میسر تووشی مستیەکی جادوویی ببوو، بۆی پێوابوو، ئۆی تا ئێستا ڕێگربووە لە بەیەک گەیاندنی ئیخوان و دەسەات، تەنیا بوونی ڕژمەکی پلیسی و میلتانتی وەک ڕژمی موبارەک بووە، لەم سۆنگەوە سەرمست بوون بۆی میسرییەکان سەرسامن بە بەرنامەی ئاینیی ئیخوان، بێیە لە ماوی چەند مانگەکدا هەموو شتەکیان لە بیر کرد، بەرنامەی هەبژاردنی خێیان خستە تەنەکەخەی کشکی کەماریێوە، لە بری باشترکردنی هەلومەرجی سیاسیی و ئابووری و کەمەایەتی کەمەگەی میسر، دەستیان دایە پرسەی ئیخوانیزەی کەمەگەی میسریی، ئەمش ناکەک بوو بۆ ڕەحە شارسانییەی گەلی میسر کە لە فیرعەونکانەوە دەستپەدکات تا هەنووکە. بێیە کەمەگەی میسریی زەر زوو لە پێام و پرەتکەلکانی ئیخوان تگەیشت، زەر زوو دەرکیان بە مەترسیەکی گەورەتر کرد لە بەردەمیاندا کە چەند قاتی ڕژمەکی موبارەک مەترسیدارتر بوو.
هاشم ساەح، بیرمەندی گەورەی عەرەب دەڵێ "دیکتاتەریی ئاینیی گەلەک مەترسیدارترە لە دیکتاتەرییەتی سەربازیی، چوونکە یەکەمیان ڕاستەوخۆ و بە جیاوازیی هەشە لە ئازادیی بیر و ڕا و بیرکردنەوە و دەربڕین دەکات". گەلی میسریی بە هۆشیاریێوە و بە تگەیشتن لەوی "ئیخوان" سەرقاڵی ئیسلامیزە و ئیخوانیزەی کەی دامەزراوە و کایە جەراوجەرکانی ژیانە لەو وەاتە، بە تگەیشتن لەوی "ئیخوان" لە جگەی دیکتاتەریی پلیسی و سەربازیی پشوو، سەرقاڵی ڕەنانی دیکتاتەریی ئاینییە، بەردەوامیان بە شەش دا، یان بە مانایەکی دیکە گەانەوە بە خۆنکانی شەش، گەانەوە بە بەهاکانی شەش. لەم نەوەندەدا "مەیدانی ئازادیی قاهیرە" بە دەنگەکی بەند ئۆی دووپاتکردەوە، شەش کەتایی نەهاتووە، بەکو هەشتا شەش درێژەی هەیە.

ئۆشی لە چەند ساڵی ڕابردووەدا لە میسر ڕوویدا، "واتە پرسەی لادانی مورسی لە دەسەات" نەک ناچەتە چۆی کودەتاوە، بەکو بە هەموو شۆیەک ڕەنگ و مەدیلەکی تری شەش بوو، چوونکە کودەتا لەلایەن کەمینەیەکی سوپاوە ئەنجام دەدرێت، بەام ئۆی لە میسر ڕوویدا، سوپا بە دیفاکتۆ کوتبووە ژێر کارتکردنی ئۆ خرشانە گەورەیەی لە شەقامی میسرییەدا دەبینرا. ئگەرچی مورسی سەرکەکی

هەبژەردراو بوو، لە رەگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە گەیشتبووە دەستپات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، خەڵک ناتوانن لە رەگەی چالاکی مەدەنی و خۆپیشاندان و شەڕشی سپیەوە، سەرکەک لا بدەن. بە پێچەوانەوە ئەوەی لە ئەزموونی دەوڵەتانی دیموکراسی فەری بووین ئەوەیە، شۆقام دەتوانێت بە خۆپیشاندانی سەرتاسەریی کە لانیکەم گوزارشت لە رای زۆرینەی هاونیشتمانیان بکات، سەرکەک لا بدات.
من پەموایە لادان و دواجاریش لە سەدارەدانی مورسی "بە خەم دژی سزای لە سەدارەدانم" و هەرەسهێنان بە حکوومەتەکەی ئیخوان لە میسر، سەرەتایەکی نوێ بوو لە ئاستانەی گەڵانەوەی خەونی شەش، ئەو شەشەی سەرەتا گەنجەکان دەستیان پێکرد و دواتر ئیخوان لە کاتی زانینی سەرەو لەژبوونەوەی دەستپاتی موبارەک، خەی بەسەردا سەپاند. ئەم دەلاقەیەی لە میسرەوە کراوەتەوە دەکرێ لە تونس و لیبیا فراوانتر بکرێ، هەرچی سوریاشە لەوە دەچێت ببێتە مەقبەرەی کەی ئیسلامییە جیهادیی و تەکفیرییەکانی ئەم ناوچەیە. ئەوەی من لەم چرکەساتە و لەگەڵ گەڵانەوەی خەونی شەش وەبیرم دەتەوە، کەپلەیەک لە گەرانی "شەش"ی "ڤیرەنیکا ساست" کە دەڵێت "هەموو شتەک بەنی وەسیی لەدەت، بەڵام ژیان پێویستە جەرەکی تر بێت". خاوەنکانی شەش لە میسر لەسەر هەمان ریتم بە دەنگەکی بەرز بە ئیخوان و دەستاتی ئیخوانیان وت، گەرچی لە سایەی حوکمی ئەوە هەموو شتەک بەنی وەسیی لەدەت، بەڵام ئەم دەمانەوە ژیان بە جەرەکی تر بێت. لەوەش گرنگتر بە کردەوە هەنگاویان نا بە جەرەکی تری ژیان.

سوەد – ستەکهەلم
شارل هەمن

ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ کاریگەربوونی کاریکاتێر بەشی 4-.. هەندێن خشناو

لەو نمونانەش کە دەتوانین بیهێنینەوە سەبارەت بە گاتەجاری رەشدا، ئاماژە بە کاریکاتێرەکەی هونەرمەند (ناجی ئەلعەلی)

دەکەین، کە باس لە نیشان بەخشینەوە دەکات، یان کاریکاتێرەکەی هونەرمەند (عەلی فەرزات) کە باس لە خاڵی پشکنین لەسەر سنووورەکان دەکات، یان ئەو کاریکاتێرەی کە باس لە کورسی لە سێدارەدان دەکات.
لە کاریکاتێری یەکەمدا جیاوازی نێوان تڕپکی تراجیدیا (مردن) و تڕپکی ئاهەنگ گێڕان (نیشان بەخشینەوە) بەکاردێت، و هەردوو حاڵەتەکەش ئاوەژوو دەکرێنەوە، ئەمەش لە کاریکاتێری کورسی لە سێدارەداندا رووودەدات، کە کرداری لە سێدارەدان تڕپکی تراجیدیایە، و بڕینی قەیتانی ئاوریشمیش تڕپکی ئاهەنگ گێڕانە.
دەتوانین بڵێین کە گاڵتەجاڕی ڕەخنەگر چارەسەرێکی کۆمیدیانەی تراجیدیا دەکات، کەچی گاڵتەجاڕی ڕەش چارەسەرێکی تراجیدیانەی کۆمیدیا دەکات.
بەم شێوەیە دەبێت کۆمیدیا توخمێکی سەرەکی بێت لە کاریکاتێردا، بەبێ کۆمیدیاش کاریکاتێر زەرەك لە خەسڵەت و تواناکانی لە گەیشتن بە جەماوەر وون دەکات، و دەکەوێتە تەڵەی دووركەوتنەوە لە کۆمیدیاوە، زۆرجار هونەرمەندانی کاریکاتێری سیاسی دەکەونە ئەم تەڵەوە، دروشمخوازی هانیانەدات بێ جدیبوون و دڵکاری یان نزمکردنەوەی ئاستی کۆمیدیا بێ نزمترین ئاستەکانی لە کارەکانیاندا، زۆرجاریش کۆمیدیا تەنیا لە لایەنە شێوەکارییەکەدا بوونی هەیە، کە پێشتر لە خانەی کاریکاتێر و پێستەردا باسمان لێوەکردووە، زۆریش باسیان لە کۆمیدیاوە کردووە، هەمووشیان سووڕن لە نێویشیاندا (هونەری بەرگسێن) لەسەر ئەوەی کە کۆمیدیا تەنیا لە بابەتە مرۆڤایەتیەکاندا هەیە، ئەمەش قسەی ئەوە، دیمەنەکە لەوانەیە جوان و پەسەند و ناوازە بێت، لەوانەشە ناشیرین و کرچوکاڵ بێت، بەڵام قەت کۆمیدیایی نابێت.
ئەگەر بە ئاژەڵێك پێبکەنین، لەبەرئەوەیە کە حاڵەتێکی مرۆڤانە یان دەربڕینێکی مرۆڤانەمان لێبەدیکردووە، لەوانەشە بە شەپقەیەك پێبکەنین، بەڵام ئەوەی بە پێکەنینمان دێنێت پارچە خوریەکە یان پوشەکە نیە، بەڵکو ئەو شێوەیەتی کە مرۆڤ بەبڕیدا بڕیوە.
پێشینانیش هەشەنگەکان درکیان بەو ڕاستییە سادەیە کردووە، زۆریان مرۆڤیان بەوە ناساندووە کە گیانلەبەرێکە پێدەکەنێت، لە تواناشیاندا هەبوو بە گیانلەبەرێکی بناسێنن کە خەڵکی بە پێکەنین دێنێت، ئەگەر هەر گیانلەبەرێکی تر توانی ئەمە بکات، لەبەرئەوەیە کە هاوشێوەیەکی مرۆڤانەی هەیە، یان لە خەسڵەتێك کە مرۆڤ دەیخاتەسەری، یان بۆ ئەو مەبەستەی کە مرۆڤ بەکاریدێنێت، (بۆگەمۆ ڕاینۆف)یش دەڵێت: خەسڵەتەکانی ترس و دڵکاری و ئازار ئاژەڵەکانیش هەیانە، بەڵام خەسڵەتی پێکەنین تەنیا مرۆڤ هەیەتی، لەوانەیە دەربڕی بەکەم تەماشاکردن بێت، یان کاردانەوەیەکی ناخە سەبارەت بە

سزداری یان بەربەرەکانی، یان هەستکردن بە بەرزوانین بێت، لە هەموو حالەتەکانیشدا مرۆڤی دەم بەپێکەنین کەمتر تووشی برین و ئازاردەبێت لە روویەووەکانی ژیاندا.

دەربارەی هێزاردنی سێکسی کۆرپێ ونەریتی لێباربردنی منداڵی کچ.. شیرین عبدالله

تووندوتیژی بەرامبەر ژنان و کچان زۆر لەپێش لەدایک بونیانێوە دەست پێ دەکات. کەمەنگای پیاوسالاری سەردەم، بایەخێکی زیاتر دەدات بە کۆرپەی نێر وەک لە مێ. لە یەکەم هەژی دروست بونیانێوە مێیەکان دەرگیری جەنگی مان و نەمان دەبنەوە وەهندێک جار هەر لەسەرەتاوە لەبار دەبرێن، تەنها لەبەر ئەوەی مێن! کۆرپەی مێ دوای لەدایک بونیشی و لەگەڵ گەورەبونیدا، هەمو هەژێکی ژیانی پڵە دوویی خەی دەبینێت و بە درێژایی تەمەنی هەژانێ دیاردەی تووندوتیژی و هەڵاواردنی جنسی دەبینێت بەرامبەر خەی و هاو هەگەزانی. تووندوتیژی بەرامبەر هەگەزی مێ، ئەگەر بە شەوێکی ئاشکراو زەقیش نەبێت، چەندین شەوازی شاراوەی هەیە بە جەرەک ئەم کردەوانە وەک نەرمی لەهاتوو، لەکاتێکدا پێشڵ کردنی سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤن. (بەهەی "نایەکسانی نادیارەوە" سالانێ ٢٤٠ هەزار کچی خوار تەمەن ٥ ساڵ لە هیندستان دەمرێت) بەپێی لەکەینەوەیەکی گەڤاری لانستی بەریتانی لە ٢٠١٨دا. زەربەی ئەم مردنانێ بە هەی پشت گوێ خستنی پەداویستیە سەرەکیەکانیانەوەک خواردنی باش و تەندروستی و خوێندن.. منداڵی کچ کەمتر خواردنی پێ دەدرێت و کەمتر دەبرێت بە لای پزیشک و هەڵی خوێندن و گەشەپێدانی وەک منداڵێک کەمتر پێ دەدرێت وەک لە کوڕ.

فەزل دانی کوڕان بەسەر کچاندا لەلایەن دایک و باوکانەوە لە وەڵاتانی هەژەمۆنی ئاسیا و باشوری ئاسیا و هەژەمۆنی ناوەڕاست و چین و باکوری ئەفریقادا زیاتر باوە. هەکارەکانی ئەم جیاوازیە دەگەڕێتەوە بە توانایی داهاتی زیاتر (بەتایبەتی لە کەمەنگای کشتو کاڵیدا)، لەو کەمەنگانەدا کوڕ "ناو"ی خانوادە دەهێنێتەوە و

بەخۆو کردنی دایک و باوک لە پیری و نەخۆشیاندا دەگرێتە ئەستۆ. منداڵی کچ "بار" بەسەر خانەوادەکەوە چونکە هەڵی کاری دەرامەت بەرزی کەمترە لە کوڕ و تەچوی مارەیی و دەری و بەتایبەتی ئەوەی کە دوای هاوسەرگیری کچ دەگوزرێتەوە بۆ لای خانەوادەی مێرد لەبەر ئەوە هیچ سودێکی ئابووری نابێت بۆ دایک و باوکی خۆی..

پێشوازی نەکردن لە منداڵی کچ و لەباربردنیان نەریتێکی کۆنی زۆربەی کەمەڵانی دنیایە و هاستەوخۆ پەیوەستە بە پیاوسالاریەوە، نەک هەر منداڵی کچ بۆ بۆها سەیر دەکرێت بەڵکو دایکەکەش دەکەوێتە ژێر فشارێکی دەرونی یەکجار زۆرەوە بۆ ئەوەی کوڕی ببێت. ژن تاوانبار دەکرێت بەوەی کە کوڕی نابێت، لەکاتێکدا ئەمە هیچ بنەمایەکی زانستی نیە چونکە ئەوە کرۆمۆسۆمەکانی پیاوە (ئێکس و وای) کە سێکسی منداڵەکە تحدید دەکات نەک هی ژن (ئێکس ئێکس). ئەمە دەبێتە هۆی تووندوتیژی بۆ دژی و زۆر جار دەبێتە هۆی تەڵاق چونی خانەوادەکە و ئەوەی پیاوەکە ژنی دوهەم و سێهەم دەهێنێت تەنها بۆ ئەوەی کوڕیان ببێت! وەک ئەوەی ژنەکە تاوانێکی گەورەی کردبێت وە یان "ژنێکی بێ سود".

تا ئیستا هیچ بیانوویەکی زانستی نیە لەسەر چنیەتی دیاری کردنی ڕەگەزی کۆرپە پێش دوو گیانی بوون. لەگەڵ ئەمەشدا و بەمەبەستی بەدیهێنانی خواستەکانیان (کە لە بنەڕەتدا خواست و فشاری کەمەڵگایە) جوتەکان پەنا دەبەن بە هەندێک ڕەگای نازانستی و کولتوری بۆ ئەوەی کوڕیان ببێت وەک پێوەو کردنی سیستمێکی خواردنی تایبەت، یان جوت بون لە کاتێکی دیاریکراوی مانگەکەدا، وەیان بەکار هێنانی خشتەی چینی.. هتد. هیچ کام لەم ڕەگانە بنەمای زانستی نیە و بە هیچ جۆرێک نەسەلمێنراوە.

لەمڕۆشدا نەریتی سەیر و سەمەر هەبوو، بۆ نمونە یەنانیەکان پییان وابوو کۆرپەی نێرینە لای ڕاستی پیاوەکە هەڵگیراوە و مێینە لای چەپ، و بەم پێیە پیاوی یەنانی گونی لای چەپیان دەبەست بۆی ڕەگە بە دروست بونی کۆرپەی مێ بگرن. پیاوی هیندی بەتوندی گونی لای چەپیان دەگرت لە کاتی جوت بوندا بە هەمان مەبەست. پیاوانی فەڕەنسا هەر بە یەکجاری گونی چەپیان دەردەهێنا بە ئەوەی بەهیچ شێوەیەک فرسەتی دروست کردنی مێیان نەبێت. لە تایوان پێیان وابو هاوسەرگیری پیاوی قەدەو و ژنی لاواز مێینەی لە دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە. کەسانی تر پێیان وابوو پێوەندی کردن لە ڕۆژانی تاکدا مێینە دروست دەکات و ڕۆژانی جوت نێرینە.

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوەو، مەسەلەی دیاری کردنی ڕەگەزی کۆرپە بوە شوێنی لێکۆڵینەوەی زانستی و بەم پییەش، و بەتایبەتی لەو کەمەڵگانەی کە پیاوسالاری تیا زاڵ وەک زۆربەی وڵاتانی

ھەژماری ناوەراست و چین و هیندستان.. هتد، بەکارا کردن و تیجارەت کردن بەم پرسیارەوە پڕی سەند. سەدان کلینیک و خستەخانەی تایبەتی پەیدا بون و دایک و باوکان هەلی "هەبژاردەی" دەست نیشان کردنی سکسی کڕیان پێش پیتاندن و دوای پیتاندن بە کرایەوە. زانست و تەکنەلۆژیا خرانە خزمەت بردەوام پەدانی ئەم نریتە دواکەوتوە کۆمەلایەتیە کە دژی مافی منداڵ و ژنە بە پلەی سەرەکی.
لەوکاتەوەی پشکنینی دیاریکردنی سکس لە ساڵەکانی حەفتاکانەوە دەستی پێ کردوە، تەنها لە هیندستان ٦٣ ملیۆن کچ کەمتر لەدایک بوە.
بە پێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، ساڵانە ١.٢ – ١.٥ ملیۆن کڕپەی کچ لە جیهاندا لەبار دەبرێت و ٩٠٪ ی ئەمانە لە هیندستان و چینن.
لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا هیچ شتێک نەماوە کە نەبێتە کاڵا و سەرچاوەی قازانج تەنانەت خواست و ویستی کەسەکان ئیتر گرنگ نیە ئەم خواست و ویستانە چەند دژە ئینسان بێت، و لەبەر ئەوەی "پێویستیەکی" کۆمەلایەتی و فشارێک هەبو بە ئەم هەبژاردنی سکسی کڕپەیە، سەرمایەداران ئەم هەلیان قۆستەوە و تەکنەلۆژیای تازەی وەک (دی ئێن ئەی) خرایە خزمەتی ئەم مەسەلەیەوە.
لەمبارەیەوە بگەیەک دەهێنمەوە لەوتارەکی ھەژنامەی (الریاض)ی سعودی لە ماڵپەری ئەلکترۆنی لە (١٣-٣-٢٠١٣) بە ناونیشانی (ژنان لە ترسی ژن بەسەر هێنانیان "قۆناعەت دەکەن"، و پیاوان "شەرم دەکەن") کە دەڵێت: "دیاریکردنی سکسی منداڵ چیتر زەحمەت نیە، ئەو کەسانەی ئارەزوو دەکەن میوانەکەی داهاتویان کچ یان کوڕ بێت، بە دیاریکراوی ئەوانەی دیانەوێت دوای چەند کچێک کوڕیان بێت.. ئەمە بەرژەوەندیکی فراوان لە گفتوگۆی نەوان هاوسەرەکان دەدەزێتەوە، بە تایبەت ئەو هاوسەرەی کە مەترسی ئەوەی هەیە کە مێردەکەی ژنی بەسەر بهێنێت لە بەر کوڕ".
نێک هەر بە ئاشکرا فەزڵی منداڵی کوڕ بەسەر کچدا وەک دیاردەیەکی نەرماڵ و پێویستیەک دەردەخات، بەڵکو ئەوەی کە ژنەکە لەژێر مەترسی ژن بەسەر هێنانەیە وەک دیاردەیەکی زێر نەرمال دەخرێتە ڕوو. وە چەند "چارەسەرێک" بە خانەوادەکان پێشکێش دەکات بۆی کوڕیان بێت وبەر بە کڕپەی کچ بگرن!.
بە چارەسەرکردنی واقیعی ئەم کێشەیە وئەم نایەکسانیە هەندێک داوای باشتر کردنی چاودێری و ڕاپەڕتکردن و بەکارهێنانی یاساکان دەکات، کە ئەمانە هەموی زەرگرنگ و دەبێت بکرێت، بەڵام وەڵام بە بنەما و هۆکارە کۆمەلایەتیەکانی ئەم کێشە قەزەوەنە نادەنەوە کە ئەویش

پیاوسالاری و کۆمەڵگای نایەکسانی و چینایەتیە کە بوەتە گەورەترین هۆشە لەسەر ژیان و چارەنوسی مرۆڤایەتی لە جیهاندا.

٢٠٢١-٣-٢١

مرۆڤی هەرزان و دڵقی گران لەدیدی من.. دڵشاد کاوانی

مرۆڤی هەرزان لە نێوان ڕۆمانی زانستی و خەمی مرۆڤبووندا

ڕۆمانی زانستی یەکێکە لە ژانرە نوێ و تازەکانی نێو ئەدەبیاتی ڕۆماننووسی لە جیهاندا، کە خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆی لە شێوە و شێواز و تەکنیک و نووسیندا هەیە. جگە لەوەی کە لە چیرۆک و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکاندا بەدەر لە مرۆڤ ئامێر و وزە و تەکنەلۆژیا و یاخود تۆن و بارستایی و وزە دەبنە پاڵەوان و کارەکتەرانی نێو ڕۆمانە زانستییەکان.

شاراوە نییە کە ڕۆماننووسین لەنێو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی لە گروگاڵدایە و هەشتاکینە لە دەستپێکی سەرتاکانی پێژەی ئەدەبیاتی ڕۆماندا، هەر بۆیە ڕۆمانی زانستی نەبووەتە ڕێچکە و ڕێبازێکی نووسین لەنێو ڕۆماننووسی کوردیدا. بە ڕوانینی من گەران سەباح وەک یەکەم ڕۆماننووسی کورد دیاری دەکرێت کە ڕۆمانی زانستی نووسیوە و دەستی داوەتە ئەم شێوازە نووسینە، لە لە پانۆی ناساندنی مرۆڤی هەرزاندا لە هەوڵەر لە لایەن دەزگای نووسیارەوە، وەک چۆن مرۆڤی هەرزان بە زمانی ئەدەبیی ڕوانینی زانستی نووسراوەتەوە، شەرزاد حەسەن لە ڕێگەی گۆزارەوەی دەنگ و ڕەنگی زانستییەوە (داتاشە) لەسەر هەڵە، قسە و باسی لە سەر ڕۆمانەکە کرد و ئاماژی بۆ کرد، کە بەر لە گەران سەباح هەوڵی تر هەبووە و پێشتر ڕۆمانی زانستی نووسراوەتەوە، لە بە ئەوەی زانیاری لەسەر نووسەر و ناوی ڕۆمانە زانستییەکانی پێشووتر ئاشکرا بکات.

گەرەکمە ئەم بە خوێنەرانی ڕۆمانی کوردی ڕوون بکەمەوە، کە نووسینی ڕۆمانێک بە هەر نووسەرێک قورسایی و مشەقەتی بۆقەد

نووسینی دیان کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی زیاتر، چونکە لە نووسین و توێژینەوە زانستییەکاندا نووسەر پشت بە سەرچاوە دەستپێکراوە و دەستکەوتی دیکرێت، لە کاتێکدا ئەمانە تاکە ژێدەر زهنی نووسەر خۆیەتی، چ جای ئەوەی ئەمانەکە ئەمانێکی زانستی بێت و حساب بۆ هاوکێشە زانستییەکان بکرێت ئەوە ئەرکی ئەمانووس هێندەی تر بارگرانترە.

بۆیە گەران سەباح دەستی بە ژانرێک بردووە و بە ئەنجامێکی بە ئێگە سەختەکانی نووسین هێناوە کە کەوتن و ئاقارنانی ئازاربەخشترە لە سەرکەوتنی ئاسوودە و بەرزترە، هەرچەندە شیمانە زۆرێک بپرسن ئەرە بۆچی ئەمانی زانستی؟ مەگەر ئێدەبیات و کاری ئاح و ئایدیالیستی فەنتازی نییە و زانستیش ماتریاڵ و پێوستیی مرۆیی نییە. بۆچی ئەم دوو شێوە تێکەڵە بە ئێک بکرێن؟ من وەڵامم هەیە. دەمەوێت بەر لەوەی وەڵامەکە دەست بخەین، شتێک لەو بارەیەوە بڵێم کە من خۆم نیو ساڵێک بەر لە مرۆڤی هەرزان، ئەمانی "بەرگاوە"م نووسی کە ئەمانێکی سادیستیی مازۆخیزمی بوو، کە بە یەکەم ئەمانی خوێنی سادیستیی کوردی دەناسرێت، تەنانەت هاوڕێیەکی ئەمانووسم هەزمی ئەم جۆرە نووسینەی نێدەکرد و دەیگوت: چۆن دەبێت ئەمانێک هەبێت بە ناوی سادیزم، دەشێت کارەکتەرەکانی ناو ئەمانەکەت سادیستی بن لە نابێت ئەمانێک بەو ناوە هەبێت. گەڵە جار دکتەر گەران سەباح ئەمەی پێ گوتووم کە من بەردەوام بم لەسەر ئەبازی خوێنی و ئەویش لەسەر ئەبازی خەیاڵی زانستی بەردەام دەبێت.

لە پانێڵی ناساندنەکەشدا. گەران سەباح چەند سەرداوێکی خستە ووە کە لە جیهاندا چەندین ئەباز و جۆری نووسینی ئەمان هەن، لە ئەمەی کورد تەنیا فۆڕی نووسین و یەک جۆر و یەک شێوەی ئەمانووسین بووین، پێی ئاشنا نین. بۆیە شکاندی ئەم ئەچکە و تاق و بەندە کاری ئەمەی ئەمانووسانی گەنجە، گەر لە ئێستاکانە خوێنەری ئەمانی کوردی پێی ئاشنا نین، دەنیام وەک چۆن شیعری بێوەزن و پێروا و شیعری ئازاد ئەژانێک مایەی مشتومەی سەردەمی خۆی بوو، کەچی نووکە شیعری ئازاد جێگەی کلاسیکی گرتووەتەوە، بە هەمان شێوە ئەم جۆرە ئەمانانە ئەژانێک دەن دەبنە پێوستیی نووسین.

هەرچەندە ئەرک و بەرپرسیاریەتی مرۆڤی هەرزان بەرامبەر ئەدەب و ئەمانووسین سەنگینترە، ئەوەی کە زەر دەخەشی کردم جوانی زمان و گەڵانەوەی ئووداوەکان و پاراویی زمانی گەران بوو. کەچی سووڵانەوەی کەی ئووداوەکان بە دەوری ئووداوێکی سەرکی ئەویش کە خەمی مرۆڤبوونە زۆرتر گەشبینی کردم. بۆیە دەشێت بەن مرۆڤی

هەرزان تەنیا نووسینەوەی هەوداو و پشهاتەکی زانستیی هووت نییە، بەڵکوو دەرخستەی کۆمەڵک هەوداوی گرنگی مرۆیین، کە زۆر لەزانانە لە مرۆقی هەرزان فەلسەفە و ئایین و سیاسەت و کۆشەی کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی مرۆق لە پاڵ گەلانەوە و باس و خواز زانستیەکاندا بە تەکنیک و گەلەوە و بە گەلەوەی گشتی لەسەر زاری کارەکتەرە بەرەحەکان و ڕەحلە بەرەکان خراوەتە هوو.

فکر لە مرۆقی هەرزاندا

من نامەوێت هەمان قسەی شەرزاد حەسەن بکەم و بڵێم یەکەم وشەی دەستپێکی ئەمانەکە سەرنجی ڕاکێشام و پێم جوان بوو. وەلێ "مرۆق دەبارەت" کلیلی گەلانەوەی هەموو هەوداوەکانە، گەران سەباح وەستایانە یاریی بەم وشەیە کردووە لە دوو وشەدا بەیانی کردووە. لە بەشی یەکەدا سامیسەل لە لاپەڕە پێنجەدا دەنووسەت: هەر بیست خوولەک جارێک مرۆڤێک لە باخانەیەکی هەوربە خەی هەڵدەدات. ئەم خەکوزییە دەبەتە دەستپێکی گەلانەوەی هەوداوێکی گەورە، کە دەبەتە پرسیارێکی گشتگیر لای خوێنەر کە بۆچی مرۆق خەی دەکوژێ؟!

گەران سەباح لە ئەمانی مرۆقی هەرزاندا کە لە ناونیشانە سەرنجڕاکێشەکەشیدا هەست بەوە دەکرەت کە پەمان دەڵەت لە پاڵ بوونی هەموو پەیستییە ماددییەکان و گەشەسەندنی زانستی و دەسکەوتە مەزنەکان، لە هەشتا ئەمە ساڵەژی خەمی مرۆقی نەکردووە، مرۆق بە دوای خەیدا دەسووڕیت کەچی بەختەوەریی خەی ون کردووە و نایدەزێتەوە، بەیە دەستی داوەتە خەکووشتن و لەناوبردنی ڕۆح و ئازادبوونی بەسەر زەویەکی ناچاری، بەڵام لەگەڵ نیشاندانی دیمەنی تراژیدایایی لەناوچوون، ئەمانووس تەوی بەئومێدی ناچێنەت و لە بەشی یەکەمدا بەندەری هەوایی باڵەن، تەپکی ئامەری ئەبەتی، بەسام کە بە مرۆق دەڵەت "ژیانت خەش بوەت" ئەمەش هەڵگەڵانەوەی سروشتە لە هەستی بەگیانەوە بە گیانەکی بەهەست، کە خەشەویستی دەکاتە پەنسیپ و هەوەی ئەشیانەیە بە مانەوە، وەک ئەشە دەڵەت: گەر لەم بپرسن لە نیوان خودا و خەشەویستی کامیان هەڵدەبژێریت، بە دوودڵی خەشەویستی هەڵدەبژێرم، چونکە خەشەوستی دەمگەیەنەتە خودا، لە لەکەینەوە لە فەلسەفەی بوونی خودا، نامگەیەنەتە ئەنجام، بەکو لە خودا دوورم دەخاتەوە.

لە لاپەڕەی ١٢دا هەوداوەکانی ئەمانەکە لە هەوداوی زانستییەوە دەگەڵەت بە ئەمانەکی تەواو سیاسی، دەنووسەت: ئاپەین دژی تیرۆرستان، پەستانیان خستە سەر حوکومەتانی دنیا واز لە یاریی

بەنن و چیتر تیرەرستان بە کاری سیاسیی خەیان بەکار نەهێنن. خەڵک بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن. یان لە بەشی دووی چارەسەر، لاپەڕە ٢٣ دەست دەکات بە گەڕانەوەی هەوداوە سیاسییەکان و پێشبینیی ئایندەی سیاسیی وڵاتانی جیهان دەکات، بە نموونە دەڵێت: تاکجەمسەری نەما. لە ٢٠٤٦دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆریای باکوور جەنگان. ئەنجام: کۆریای باکوور نیوەی کۆریای باشووری کووشت. یان ئەمریکا لە هەموو جیهاندا کشایەوە، هووسیا و ئۆکرانیا و جۆرجیا یەکتریان نەهێشت. هەروەها هیندستان و پاکستان یەکدییان بە چەکی ئەتۆمی خەنی کرد. ئەمانە هەموویان هەوانینەکی هووتی سیاسین نەوەک زانستی، لێرەدا نووسەر دەبێت بە گەڕەوەی گشتی و زاڵ دەبێت بەسەر دەقدا، من ئەمە بە باش نازانم چونکە هەماننووس لێرە زەر بە زەقی دەردەکەوێت لە چەقی بیرکەکەیدا و لە بازنەی زانستی دوور دەکەوێتەوە، هەرچەندە نووسەر نائاگایی دەرنەچووە لە دەقی بیرکە زانستییەکەی، بەکوو ئەم لادانەی بە گرنگ زانیوە کە پێیامەکی تایبەتی دەگەیەنێت، ئەویش مەبەستی نووسەر ئەمەیە کە تا زانست پیش بکەوێت لە پاڵ ژیان و خۆشەویستی و سوودبەخشی زانستدا دەبێتە ئامراز بە مەرگ و هەق و کەنە و وێرانکاری. ئەمە هاستییەکی حەتمییە لە نووسەر بەم جۆرە زهنی خوێنەر لە چەقی مەبەست دوور دەخاتەوە.

فرەتەوەری هەماننووس بە دەرنەچوون لە بابەت یان لەدەستنەدانی جەوەری هەماننووس بە دەرنەچوون لە بابەت یان لەدەستنەدانی جەوەی هەمانەکە وای کردووە، کە نووسەر هەرچەند سەرەداو بکاتەوە بەهام لەدەستان دەرناچێت و لە لەواری مەرگدا خوێنەر دەگەنەتەوە نەو بازنەی مەبەست. لە بەشی دووی چارەسەردا، لاپەڕە ٢٧ی هەمانەکە کە بە چارەسەری ئاریشەی خەکوژیی مرۆڤ پێنا دەبات بە ئایین و ئایین و باوەڕ بە تاکە چارەسەر دەزانێت، ئێژە: چارەسەری ئەمە ئەوەیە: مرۆڤ دەبێت نوێژ بکات و قسە لەگەڵ خاقدا بکات. بچە پێنایەک و نوێژ بکە. کەمەک لە تەکنەلۆژیا دوورکەوە. نوێژ تاکە چارەسەرە. یان لە لاپەڕە ٣٥دا دەڵێت: ئایین مرۆڤی هەرزان بەرهەم ناهێنێت. یاخود لە بەشی سێی بیرکەی شووشە لاپەڕە ٤٧ لەم دەقەدا بە تەواوی دەبێتە هەمانەکی عیرفانی، دەنووسێت:
”دەبێت یەکەک بنەرین بە جیهانی مردن و بیگەنینەوە” یان لە لاپەڕە ٥١-٥٦ لەسەر زاری شووشە، بیرکەی زیندووبوونەوەی مرۆڤ دوای مەرگ لە هەگەی کەنجەی دوایین بەبەی پشتی مرۆڤەوە، کە بە هەگەیەکی زاستی دەخرێتە هوو، لەم چەند پەرەگرافە پەکدادانەکی توندی فکریی و ئایینی نەوان ئەوانەی کە ئایین هەت دەکەنەوە و لەگەڵ باوەڕدارانی نەو هەمانەکە هوو دەدات، بە نموونە لە لاپەڕە

٥٥ دەنووسەت: باوکم دەیگوت خودا لە کلەنجەوە مرۆڤ زیندوو دەکاتەوە، لەناو گڵە هەموو ئەسکەک دەزەت، کلەنجە نەبەت. بە هەمان شێوە لە لایەن نەیارانی بیرکەی شووشەوە ڕەت دەکرێتەوە. تەنانەت تا ئاستی ڕەتکردنەوەی ئایین خەیشی. لە لاپەڕە ٥٦دا زانایان دەڵێن: ئایین مردووە، بیرکەی ئایین بگۆڕن. یاخود کووشتن و زیندووکردنەوەی ئیمام بە چەندین جار. لە لاپەڕە ١٠٥دا بە تەواوەتی بیرکەکەی ئایینییە لە چیڕۆکی کووشتنی سەعیدی کوڕی جوبەیر لە لایەن حەجاجی کوڕی یوسف، کە حەجاج لە ڕۆژی دوایی تەنیا لە بری سەعید حەفتا جار دەکوژرێت و زیندوو دەکرێتەوە. لە بەشی ١١ی ڕەحبەردا بەتەواوەتی بیری ئایینی خەی بەسەر ڕەماندەکەدا دەسپێنێت، کاتێک شووشە دەنێرن بە جیهانی دوای مەرگ، لەڕەدا نووسەر زۆر ئایینیانە خەیاڵکانی دەخاتە ڕوو، واتە لەبری خەیاڵی زانستی، دەبێتە فکر و دیدگای ئایینی وەک لە لاپەڕە ١٧٨دا شووشە لە کاتی ڕەحکەشاندا چاوی بە "ملک الموت" فریشتەی ڕەحکەشان ئیزرائیل دەکەوێت. گەران سەباح بە تەواوی وێنای فریشتەکە، بە ناوی ڕەحبەر وێنا دەکات و دەنووسێت: بوونەوەرێکی هەزار باڵی هەنگی مرۆڤکی ئاسایی. ڕووی لەڕۆژهەڵاتە، ڕوحەکە خەڵا دەجوڵێت دەگاتە قورگ. لەم بەشە پەسەی ڕەحکەشانی شووشە دەخاتە ڕوو. لە لاپەڕە ١٨٠دا دەچێتە قەناغی بەرزەخ و حەق و حیساب و وەک لەپرسینەوەی شووشە لەسەر تاوان و گوناح، بە نموونە ئەژۆ: ٧٠٠ مەروو، ١٥ مارمەلک، ٢٠ قاڵەنچە و ٣٨٧٦ مەشوولەت کووشتووە. لە بەشی گەردووندا لاپەڕە ١٨٥ بەدواوە، بە تەواوی ڕەژەی خەکوژییەکان بە هەی بینینی سکرینی ژیانی شووشەوە کەم دەکات. بەم جۆرە سێ بەشی کۆتایی "گەردوونی یەکەم" لەپرسینەوەی ڕۆژی دواییە، "گەردوونی دووەم" پاکبوونەوەیە، "گەردوونی سێیەم" چوون بە بەهەشتی هەمیشەییە.

دواتر لە سێی بیرکەی شووشەدا، لاپەڕە ٤٣ دەمانخاتە بەردەم گۆڕاوی فەلسەفە و باسی کەمەک فەیلەسووفی وەک سوقرات، ئەفلاتوون، ئەرستۆ، کانت، نیچە، فەکە و مارکس و بیرکەکانی فرانکلی و فرەید دەخاتە ڕوو، دەڵێت: ئەم خەکوژییە بەری ئەو فەیلەسووفانەیە چەندان ستایە مرۆڤ داڕێژن، کە لا ٤٣-٤٤ لەسەر زاری شووشەدا بیرکە فەلسەفییەکان دەخاتە ڕوو.

پاشان نووسەر هەر خەیشی زانست وەک پۆستییەکی ژیان و بە ئاسوودەیی مرۆڤایەتی دەکاتەوە لە بەشی دووی چارسەردا، لاپەڕە ٢٥ دەڵێت: دەبە مرۆڤ بگۆڕێتەوە بە دایکە سروشت. بەمەش دەمانووس لە بەهای زانست وەک بەهای ئەخاقی کەم دەکاتەوە.

بیرکەی مرۆڤی هەرزان

بیرکەی مرۆڤی هەرزان لە جوغزی خەیاڵی زانستیدا دەسووڕێتەوە، باس لە ئاریشە و گرفتەکانی مرۆڤبوون لە ئاست گۆشەندنی زانست و تەنکەلۆژیا و داهاتی ڕۆح و نەستەکانی مرۆڤ لە بەردەم تەربوون و گەیشتن بە باڵابوونی ماتریاڵە بە سەر ئایدیاڵ و دەستوەستانی سەبزەیە بە دەست ئەبزەدا. بە جۆرێک بەها و ئەخلاق کاڵ بووەتەوە و مرۆڤ جگە لە کاڵایەک هیچی تر نییە، هەرزانترین کاڵا لەو ڕۆژانەدا مرۆڤ، هەروەک ڕۆمانووس خەیشی ناوی ڕۆمانەکەی ناوە "مرۆڤی هەرزان"

لە فۆکشن و سینەما زۆر بە ڕوونی کاریگەریی دیاریان لەسەر کۆکبوونی بیرکەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا هەیە، پێ دەچێت گەران سەباح زۆرتر خەیاڵە زانستییەکانی خۆی لەسەر فیلمە خەیاڵییە زانستییەکانی ڕۆژئاوایی بونیاد نابێت، تەنانەت هەندێک جار مرۆڤ هەست دەکات ئەم مەشهەد و دیمەنانەی لە یەکێک لە فیلمەکاندا بینیوە. بە نموونە لە لاپەڕە ١٥دا ڕۆشتنی مرۆڤ بە ئاسماندا و بوونی ترافیک و ترام لە ئاسمانی شار و هاتوچۆی زەمینی و ئاسمانی بەیەکەوە، لە هەندێک فیلمی خەیاڵی زانستی و هەندێک جاریش لە فیلمی کارتۆنیشدا دەبینرێن. یان لە بەشی ٢ی چارەسەر و لاپەڕە ٢١ بە پانۆرامێک دەست پێ دەکات، تا لە لاپەڕە ٤٧دا ڕۆمانووس کاریگەرییەکانی ناشارەتەوە و ئاستەوخۆ باسی فیلمی خەیاڵی زانستی دەکات و ئەژۆ: تەنیا ئەمە لە فیلمەکاندا ڕوو دەدات، یەکێک گەشت بەناو کاتدا دەکات، یان یەکێک ناسنامەی دەگۆڕێت، پاشان دەگۆڕێتەوە و ژیانی خۆش دەوێت، یان وەک فیلمەکانی ئاڤاتار، کە هەر یەک لەو دیمەنانەی باسی دەکات هەریەکەیان مەشهەدی یەکێک لە فیلمەکانی خەیاڵی زانستین، یاخود بوونی مەشوولێیەک دەبەستە هەی هەراسانکردنی مرۆڤایەتی کە لە لاپەڕە ٣٣دا باسی لێوە کراوە.

زمان لە مرۆڤی هەرزاندا

زمان دەوڵەمندترین بەشی ناو ڕۆمانەکەیە و زمانزانی و شارەزایی دکتۆر گەران سەباح هەموو گیژاو و بیر ئاڵۆز و بەشە وشک و سەختەکانی نێو ڕۆمانەکەی ڕازاندووەتەوە، چونکینە ڕۆمانووس لەزانانە بن زمان و سەر زمانەکانی لە شوێنی خەیدا بەکار بردووە. سەردێرێکی بەوێنەی هەیە لەگەڵ زاراوەی سەر دەمان و لە پاڵ ڕۆمانووس و ڕۆزمانییە چاکەکەی زۆرێک لە وشەی شیرینی وەک گەزە خزاندووەتە نێو دیواری ڕستەکانی و قاڵەای ڕۆمانەکەی پێ هەڵچنیوە،

هەروەک لە لاپەڕە ٧دا دەنووسێت: دەبخە دەی. لە لاپەڕە ٨دا دەڵێت: پێی لە نە. یان لە لاپەڕە ١٦دا لەبەری هەردووکیان "هەرتک" بە شۆوزاری پشدەر بەکار دەهێنێت. چەندین وشە و ئیدیۆمی کوردیی شیرین لەناو ڕەمانی مرۆڤی هەرزاندا دەبینرێن. لە لەگەڵ ئاوەشدا خاڵی نییە لە وشەی سواو و ناپاکویست بە نموونە لە لاپەڕە ٢٦دا دەنووسێت: بە کاردانەوەتا دیارە منت پێ گەلە. لەرە بە کاردانەوەتا هەڵیە هەرچەندە ئەم زاراوەی خۆجێیە وەلە ڕاستییەکەی ئاوایە بنووسێت: بە کاردناوەکەت دیارە. یان لە جیاتی "بە" دەبوایە بنووسێت: لە کاردانەوەتا دیارە. ڕەماننووس بە بەشێک لە وشەکان لە بەرامبەر کەدا "کان- لی" بەکار بردووە. جا نازانم ئاو "لی"یەی لە کۆ هێناوە، بە نموونە لە لاپەڕە ١٠١دا خراپەکان دەکاتە "خراپەلی" یان لە لاپەڕە ١٣٦دا هاوستلی، لە زەر شۆنی تر وشەکانی وەک، تەرملی، چاوێلی، گورزلی، سەرکلی و... تاد. لە پاڵ ئاوەشدا ڕەمانەکە پەڕە لە وشە و دەستواژەی بیانی کە ڕەزای ڕەمانەکەی لەسەر ملان قورس کردوە، هەرچی ئەمە تەنیا گرفتی گەران سەباح نییە، لە بە هەی ئاوەی ڕەمانەکەی زانستییە زەرتر لە ڕەمانی ئاسایی پێویستی بە خواستنی وشە و چەمکی وەرگیراو هەبووە، کە لانی کەم دەبوایە گەران سەباح لە خەمی زمانی کوردی بوایە و هەندێک لە ئیدیۆمەکانی هاوتای کوردی کردبوایە.

هەرچەندە لە کۆتایی ڕەمانەکەدا بەشێک لە دەستواژەکانی شیکردووەتەوە، بەڵام تێنوێتی خوێنەری بە زانین نەشکاندووە. ئاوەی کە من هەمیشە لەی ڤەئەستوورم، کەمێک وشەی خزێندراوی عەرەبین بە ناو زمانی شیرینی کوردی لای زەربەی نووسەران ئەم خەی دووبارە دەکاتەوە، مرۆڤی هەرزانیش بەدەر نەبووە لەم، کە دەبوایە گەران سەباح خەمی زەدەتری لە بخواردایە، وەک لە لاپەڕە ١٢دا وشەکانی ئاخیر نەفەر، لەزەر، سەقف، زەخت، شەت، تیشەرت، ستەژ. کە لە کوردیدا وشەی زەر نایابی وەک دواین کەس، تیشک، ساپیتە، فشار، سوخمە و دەرپە و دەرپەی کورتمان هەیە. یان لە لاپەڕە ١٦دا تەداخول کە زەر عەرەبییە دەکرا بنووسێت: ئاخنییە، چوونە ناوی، بەکار هێنابوایە. لە لاپەڕە ٦٩دا وشەی زەواجی لە جیاتی هاوسەرگیری بەکار هێناوە، لە لاپەڕە ٧٢دا نامورتاحی لەبری نائاسوودەیی. لە لاپەڕە ٧٨دا لە جیاتی دیقەت دەنووسێت تەرکیز. لە لاپەڕە ٩٩دا حەشەڕە و لاپەڕە ١٠٠ عەزابی قەبر، بە ئازاری ناو گۆ. صالح بە پیاوچاک و ئیختیساس، لەزانی پسپەر، مەساج و ساونا و شەلان گەرماو لە ١٢٨دا.

ژمارە و ئامار لە مرۆڤی هەرزان

ناخۆشترین لایەنی ڕووماننکە کە خوێنەر قووڵس دەکات و ئەم هەموو ژمارە و داتا و کەدە زانستیانەیە کە بە دیدگای من بەشێکی زۆریان زیادن، چونکە ئەمە دەقی ئەدەبییە نەوەک تۆژینەوەی زانستی. شیمانە زۆربەی ژمارە و داتاکان ڕاستەقینەش بن، لە لە چڕ و تامی ڕووماننکە دەکوژێت و هەندێک جار خوێنەر دردەنگ دەکات، وەک ئەوەی بە تەواوی لە بەردەم تۆژینەوەیەکی زانستیدا بێت، تا ڕادەیەک داتاکان ئاسان دەبوو، بە تێگەیشتن لەی بە هەر کەدێک پێناوێزێک هەبوایە، چێتر دەبوو بە نەزانداروی نەدەمایەوە. هەر وەک لە لاپەڕە ٢٢دا هاتووە، "د.پ.ن" و "گ.ل.ز" و "ف.و.ز" و "د.ک.ز" لە لاپەڕە ١١٥دا "ج.خ.چ" و لە لاپەڕە ١٤٢دا ئەی ئای. یان لە لاپەڕە ٣٦دا هەندێک ژمارەی لە سەدا هەیە، بە نموونە دەنووسێت: ٦٢ ٪ی ئافرەت و ٣٨٪ی پیاو. ٥٧٪ی تەمەنی نێوان ١٨-٢٥. ٢٠٪ی تەمەن ٢٦-٤٥؛ ٢٣٪ی لە سەرووی ٤٥ ساڵی. ئەمانە و چەند داتایەکی تر کە زۆرتر لە ماتماتیک دەچێت نەوەک ڕووماننان. بە هەی زۆری ژمارەکان لە هەندێک شوێندا نووسەر بە تەواوە دەبەت، بە نموونە لە ژمارەی خەکوژیەکاندا دەکەوێتە هەڵە سەرتا ژمارەی مردوان لە لاپەڕە ٣٦دا لە ڕەشۆڕی دانیشتوانی "٨-١٢" ملیۆن چوار ملیۆن دەمرن. لە لاپەڕە ٤٩دا دەڵێت: ئەم بڕیانییە سەتان هەزار لە پێردی ٨٧٠ مەتر بەرز و ١٤٠٠ پێ-درێژی ژانگیاجی لە چین خڕیان هەڵدەدەن. ئەمە تەنیا لە یەک ڕۆژدا و لە یەک وڵات. لە کاتێکدا خەکوژی هەموو ڕۆژ و تەواوی جیهانی گرتووەتەوە، کەچی لە لاپەڕە ١٣٣دا دەنووسێت: تا ئێستا دووسەت هەزار خەکوژ کەمی کردووە. دیسان لە هەمان بەش و لە لاپەڕە ١٣٧دا ئەم جارە دەڵێت: ڕەشۆڕی خەکوژان بەرز بووەتەوە بە دە ملیۆن لە ڕۆژێکدا. ژمارە و داتاکانی خەکووشتنەکان بە هیچ جۆرێک تێک ناکەنەوە. جگە لەوەی لە لاپەڕە ١٤٥دا ناوی بوونەوەران بە ژمارەیە، وەک (١٥٥٥ -٩٩٩١- ٤٤٤٤١...تاد) ئەمە ڕووماننکەی ناخۆش کردووە.

مرۆڤی هەرزان و چەند سەرنجێک

سەرەڕای وردبینی و بە دیقەتی د.گەران سەباح لە نووسین و بەتایبەتی لە مرۆڤی هەرزاندا ماندبوون و مکوڕی لە جوانناووسیدا بە کەی ڕووماننکەوە دیارە، لە لە هەندێک شوێن نەیتوانیوە ئامانجی خەی بپێکی و هەندێک هەڵە سیسرکەئاسا سرکبوون و لەدەستان دەرچوون. لەوانە لە لاپەڕە ٢٥دا دەڵێت: "واتە ئاووەی تریاک" نەیتوانیوە مرۆڤ لەناو ببات، ئەوەتا مرۆڤ بە دەستی خەی، خەی دەفەوتێنێت. لەڕە نووسەر بەڕپرسیاریەتی ئاووەیی تریاکی لە ئێستەی خودی

مرۆڤ لابردووە و کەچی خۆکووشتن بە دەستی خۆی دەکاتە بەرپرسیاریەتی مرۆڤ خۆی. لەگەڵ ئەوەی ئامووددبوون خۆی مرۆڤ نافەوتێنێت واتە هیچ مرۆڤێک گەر خۆی تریاک نەخواتە ئاوە ئامووددە نابێت، هەر بۆیە ئامووددبوون هەمان خۆکوژییە کە مرۆڤ لە ناچاریدا هەڵیدەبژێرێت، بۆیە دەبە مرۆڤ هەر خۆیشی بەرپرسیاریەتی ئامووددبوون هەڵگرێت، نەوەک خودی ماددەکە. یان لە لاپەڕە ٢٦دا هاتووە: دواین توژینەوە دەڵێت ستا دەی مرۆڤ سێ جار لە هەفتەیەکدا وەرزش دەکەن. تەمەنی ستە و دە ساڵە. لێرەدا ناوەن نییە ئەمە بەڵکە توژینەوەیەکی زانستییە یاخود خەیاڵی زانیستییە، گریمان خەیاڵیش بێت ئەمە ڕستەیەکی بەڵگەیە، ستا دەی مرۆڤ سێ جار لە هەفتەیەکدا وەرزش دەکەن. تا ئێرە ڕستەکە باسی کەی مرۆڤ کەچی دواتر کاریگەریی وەرزشکە بە ئاوانەی وەرزش دەکەن دەبێتە تاک کە دەڵێت: تەمەنی ستە و دە ساڵە. دەبوایە بنووسێت: تەمەنیان ستە و دە ساڵە چونکە لە مرۆڤێک زیاترن. لە ناووی ناوەرۆکیش هەر هەڵەیە، چونکە تەمەنی دیاریکراو پەیوەندی بە وەرزشەوە نییە، بەڵکە بە دیاریکراوی بنووسیت، ستە و دە ساڵی. هەر بۆیە دەبوایە وا بنووسرێ: ستا دەی ئاو مرۆڤانەی سێ جار لە هەفتەیەکدا وەرزش دەکەن، تەمەنیان ستە و دە ساڵە. لە بەشی ٥ی دووریەکی نێپۆراو، لاپەڕە ٧٩دا بە ڕستەیەک لەسەر زمانی دوو بوونەوەر دەنووسێت، دەنیام جگە لە نووسەر خۆی کەسی تر لێی تێناگات، چونکە نە زمانی زانستییە و نە زمانی کوردی یان هەر زمانێکی تر دەبژێت: "با میتاڵ بەشدرا با ئارینا با لاسیت" من نازانم پەیستی ئەم تێکستە چییە لەناو دەقەکەدا، لە لاپەڕە ١٠٣ و ١٣١ و ١٧٩ و ١٩٩دا هەمان ڕستەی هاوشێوە هەیە. هەروەها لە بەشی وردبوونەوە لاپەڕە ٩١دا کاتێک تەرمی میتاڵی کچی سامی هەڵدەگرن، سامی نایەوێت چاوی لە بکات، بۆیە ڕوو وەردەگەڕێت. بە ئەمەش ئەمانووس دەنووسێت: بەرگە ناگرێت کچەکەی لە بەرچاویەوە ببڕن. لە باتیان، چاوی دەبێتە دەرەوە. لێرەش لە باتیان کەیە و سامی تاکە، بۆیە ئەمەش هەر هەڵەیە دەبە بنووسرێت: لەباتی، چاوی دەبێتە دەرەوە، چونکە ئەم لەباتییە بە سامی دەگێتەوە کە تاکە نەوەک بە تەرمەکە و ئاوانەی دەیبڕن. هەم دیسان لە لاپەڕە ١٧٢دا ئام دەیەوێت لە لای شووشە دابنیشێت، کەچی شۆشاد دەکات دەنووسە: ئام چاوەڕێ دەکات پێی بڵێت بە دابنیشێ، لەباتیان، شۆشادی لە دەکات. کەچی شووشە تاکە کەسەکە، نەوەک ژمارەیەک کەس. یان لە لاپەڕە ١٠٤دا سەبارەت بە دایکی سامی دەنووسێت: کوو بووتەوە و لەسەر کورسییە، سامی دایژوا. دایکی وا دەزانێت پیاسەی پێ دەکات. ئەم ستەیە گشتی ئابردووی بەردەوامە، دایژوا وشەیەکی ناتەواوە دەبە بنووسێت دایدژوا، چونکە سامی لەرە بکەری بەردەوامە لە

هاژووژتنەکەدا.

دەرەنجام

ئاستەم ئەمانە بە تەکنیک و شێواز و ناوەڕۆکی خەیاڵی زانستییەوە نووسراوە، لە بیری ئایینی بە تەواوەتی زاڵە بەسەر ئەمانەکەدا و دەتوانین بڵێین ئایین وەک دوا سەرچاوە و چارەسەر لە ئەمانی مرۆڤی هەزراندا لە بەرامبەر بەهیوابوون و بڕوادبوونی مرۆڤ دیاری کراوە، هەر بۆیە بە باوەڕکی ئایینی پتەوەوە مرۆڤی هەرزان نووسراوەتەوە.

دڵشاد کاوانی

بڕینەوە داگیرساوەکانی ئەستێرەکان.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

گوڵە لێلەکەکان
لە شەونخونی خەیانا..
با خونپژانی ..
جوانی تێیان بە،،
منیش لە باخە تاویکانی بیرەوەریت،،
چرای گڵانەوەی تەم هەڵکردوە،،
سەفەری تە چەند سەدەی خایەند،،
شونەکان سەریان هەڵگرت،،
شارەکان لە باڵیاندا،،
تە شەپۆلەکیشت نەنارد،،
بەهام ئەی ڕۆحە،
نوقم لە سەرابی غوربەت،،
تا کەی سەراخی بوون،، و..
نەبوونی ئەو ئەکەی،،
غەمی نەگەیشتنی بەلەمە،

هەورە،،،
لە هەر شوێنێ…
سەراخی بوون ،،و،،
نەبوونی تۆ کەم،،
پەنجەرە شینەکانی سەحەریش..
باهەر کراوەبن،،
تا وەکو شمشاڵی بیرەوەری..
لمی جەستەیەکی تازیو…
وەک دوکەڵی مەرگ،،
بە بادا ئەکا،،
برینی داگیرساوی ئەستێرەکان..
بە تۆ بەڵێنیان گرتوە،،،
گەر پەنازانی..
هەڵهاتن وەک مەڵەک،،
لە نێو دو تۆی کتێبی زەریادا،،
بە دەزینەوەی خەری خود،،
لە ئاسمانی نیگاتا،،
هەڵدەم لەو ساڵە مسینیانەی…
زەمین بوە خاچستان،،
ئاوێنەی بوون ،،،،
چی تروخساری مرۆڤ ..
وونبوەکان ناناسرێنەوە،،
ووتت، مەگەر بمرم و….
زەریام بیرچێ،،
مەگەر بمرم، تۆ ووتت..
نیگای چنگە گوڵی ڕەشی سرک نەکەموە،،
مەگەر هەناسەیەکت،،
لەم جەنگەڵستانە،،..
بەرائەتی لەدەستچوو بگەڕێنەتەوە،،
دەرمانی ژەهری نامەییم بە تۆیە..
ئیتر بورجی تەنیایی،،
بە شکۆفە چرپەیەکی مەرت بنەخشێنە،،،،
لەم دۆڕی گەڵ،،
تۆ بەڵێی کەسە هەبە و ،،
شەو بە دارستانە سپیەکانی عیشقا ..
تەپڵە بە،،
و حەزی لە ڕەحسوتانبە؟

بەرام لەساتەوەختی پشووی..
بەردەم ئاشی خەفەتا،،
ئەمدیک ،،
تاوێ کلێ بەفرە..
لە ئێڤینی ئێوسا،
دەوازە ڕەنگاڕەنگ..
هەر نابینم،
داسی پەمەیی مانگ،،
ئاگری کات..و..
مەراقی نەگەیشتنی ..
پەپولە ئاڵتونیە کانی چاوت،،
شنەبای سەر ئەم نشینگە سەختە،،
دواهەناسەی شاعیرێکە..
لە شەڕی شیعرو..
تەمەن،،
ڕەحی دەرچوو،،
بەئێقرەکانی شارە سەرهەڵگرتوەکان...
نیوە مردوو ،،
نیوە زیندوو،
تابلۆی جەستەیان لە کەنارا،،
بە بە ڕەنگ جۆ هەشت...
بازە ئەرخەوانیەکانی ئێوارەیەکی مەر..
لە ئاوێنە تەڕخەکانی چاوەوانی،،
زیندانی کران،،
درەختە کانی ووشەش..
بە ڕەگی زەمینەک لە ڕابردوو،،
بەستراونەتەوە،،
قەڵەمبازی ساتەوەختە...
لە ئاسوودەیی،،
بەرەو فەنا،
گیتارژەنەکی نادیارە،،
بەبەیاری،،
لە ناوەڕاستی هەڵی شەماندەفەرەکانی مەژوو..
ڕەژگارەکی سپی بە خەوشیش،،
تەنیایی،،
ئای! باخچەی ژەهرینی عیشق،،
چەند لەخشتەبەرە،،

دەکی زۆر داری خەم،،
هەموو فیردەوسی تەنیوە،،
بە هەست و چرپە،،
لە وەرانە عیشقا…
لە وەرینە ڕۆحا..
تۆئە پەم،،
تە زەردەپەڕی سووری زیندەگی من بە،،
تا کۆتای ئەو هەموو ڕۆیانەی..
تا پنتی سفری مەرگ
بەڵەمی کریستاڵی دە ئەبەن.

……..
وەنەکە کارەکی هونەری فۆتۆگرافەری ئەڵمانی
(Gerd Altmann)
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خەی وەرگیراوە.

مرواریێکانی ئەوین.. مرواری شەشەم.. شیعر: ستیڤان شەمزینی

فەرم بکە عەشق تسەنامی فرمێسکی ڕوون و
لافاوی بە ئەقڵی ماچە
فەرت ئەکەم خەشەویستی
گوڵگەنمی سەوزی دەشتی بەپیتی هەستە

وتت لە بیانیێکدا دەم
مشتەک هەتاو بە تاریکی شەوکانت ئەهێنم
وتم لە شەوکدا دەم، تریفەی مانگ و
مەخڵەی ئاتەشگات بە دەنم

پەشیمانم لەو تەمەنەی لە بۆ تۆیدا
کەوتبووە نەو گەمی تەنهاییەوە
پەشیمانم لەو لە دایکبوونی نەکەوتبووە
حەساری نیگا نەرمەکانتەوە

بۆ دڵۆپی میهرەبانی و
بۆ گۆڵا یاقووتییەکانی سەزت گەرم دامبەشێ
بۆ بۆسەی ئاگری چاوە مەستەکانت
دارستانی خەیاڵەکانم بسووتێنە

تۆ لە کانی میهرەبانیی هەڵئەقوڵێی
منیش لە هەورەکدا چۆ بووەتەوە
تابلۆی بەیەک گەیشتنمان
دڵۆپ دڵۆپی بارانەکە بۆ باوەشی فێنکی کانی

زمانی فرمێسک ئەخوێنمەوە
چیرۆک بۆ ئەستێرەیەکی بەدار ئاگڕەمەوە
کەلاڕەی خەیاڵم دوور ئەفڕێ
تا بگاتە ئاسمانی بۆ بنی چاوەکانی تۆ

لەهەر شیعرەکما غەمێک خەی شاردەتەوە
لەهەر نیگایەکیشما ونبوونێک
لەیەکەم پلیکانەی نیگاکردنما
بەربووەوە ناو بەهەشتی دڵۆفێنی جوانیت

کە مردم سوتووەکەم بدەن
بەدەم ئاو رەشەبایەی ئەمباتەوە بۆ لای یار
کە مردم بمخەنە تابووتی ماچەوە و
لە ئەقیانووسی چاوەکانیا بمنێژن

تۆ کاپتنی ئۆو پاپۆڵەی
لە دەریای هەڵچووی هەستی منداو نقووم ئەبێت
منیش سەرقافڵەی ئۆو کاروانێ تەنهایەم
بەرەو خەری ئۆوینت ڕێ ئەبڕێ

کتێبی خۆوناما ئەخوێنمەوە
گوێ لە پرتەوبۆڵەی جادووگەرەکان ئەگرم
ئەمەوێ بزانم لە کام خۆون و
لە پێشبینی چ ساحیرەکایەک
دەرکەوتنی تۆ؟

خەزگێ ئۆو مەرگێ تاڵە
وەستانی دڵی پێنووسی شیعرەکانی من بووایە
خەزگێ گڵاڵەزانی گڵاکانی عەشقت
وەرینی گشت خۆنەکانم ئەبوو

سوێد – ستۆکهۆڵم

بروسکەی ناسۆری .. ستار ئەحمەد

سەرت بووە بە کۆستانو
دڵت گڵی ئەم گەرمیانەی دانامرکێ
لە باوەشی لەتڵ خاکی نەبوونیا ڕاوەستاوی
پەنجەکانت بە تەپۆلکەی زاما دەکەیت
چاو دەگڵی بێ قارچکێ
دڵت زەوییەکی دەیمە
لە باوەشی کانیاوی ساردا نەبێ

خەو ناچێتە چاوەکانی
وەك نابینای گردەنشین
دەستت لە گەردنی گەوالەی رەش ئاوزاکاوە
لە ژێر پرچی قەیرە کچی ئەم تاسەیە
دێت مێرانەی عەشقێکی تێدازاوە
شەوانە وەکو کەروێشکێکی کێوی چیا
بە دوای ئەشکەوتێکا سەرگەردانی
بڕچووەکانت لە دەرونیا ئارام بگرێ
بە دەست ئەم سۆزە شێتەوە
هیچ دوور نییە
دێت بە دوا ترپەی ماڵاوایی
بێ یەکەمجار بسرەوێتو یاخود بمرێ
لەسەر رایەخی گۆنشین
چاوەکانت بەرەو دەرگا
چوار چێوەی ژوورێکی خەمگین دەتروکێنی
لە نێو هەناسەی منالی بێپشاکا
دەستەکانت بە نێو بسکی میهرو سۆزا
بەرەو کێشکی دڵنەوایی دەبزوێنێ
خەونت دەبێتە داوێك
چۆلەکەی سەر ئەم رەشماڵە دەتۆرێنێ
زریانی ئارەزووی کێنت
دێت بە چەشنی کۆلارەی
بەرزەفڕی ساواکانی ئەم ناوچەیە ئەدۆنێ
تاڵی تاسەی بابردەڕەت
وەك پەرچەمی کیژێکی باڵا کەڕەگەت
لە دەستی خەنجەری رۆژگار
دەئاڵێتو ناکرێتەوە
تێی ناسکیش
نەك تاوێك مووت بێ ناپچڕێ
بەڵام دەزانی هەناوی داگیرساوت دانامرکێ
ناخی تینووت تێراو نابێو
دەنگی بروسکەی ناسۆریت نابڕێتەوە

ستار ئەحمەد

بەرد.. پشکۆ ناکام

....کاتێ حیزبی سەقەت دەوڵەت ئەبا ئەبا بەرەو ، حکومەتێکی سەقەت دروست ئەکا کە سیستەمێکی حوکمڕانی سەقەت ئەهێنێتە کایەوە ، سیستەمی سەقەتیش کەمەگایەکی سەقەت بەدوای خۆیا ئەهێنێ ، بەگژی ئاستی ئێم بەچوونە نموونەیەکی حازری بەرچاومانە کە ئۆیش هەرەمی !! کوردستانێ ، لە سیستەمێ سەقەتکەی ئەمێ ناویان لێ ناوە " قەوارە" زەربەی شتەکان ئاوڕوو کراونەتەوە و ئاست و چڕپ کەوتوە بەسەر یەکا و کەم شت هەیە لە شوێنی سروشتیی خۆیا بێ ،کە بەتەمایەی فەوزا و پشێوی و دەسەاوکێی خەڵک و باڵ کێشانی نا ئومێدی بەسەر بیرکردنەوە لە یاینەدە جگە لە هەڵکشانی بەکار هێنانی زەبر و زەنگ لە لایەن دەسەاتەوە بە فەرزکردنی ئەمری واقیع بەسەر خەڵکا...و مەحکەم کردنی پێگەی خۆی لەسەی دەزگا ئەمنی و چەکدارییەکانی خۆیەوە.....

لە سیستەمێکی سەقەتی وەک ئەوەی هەرەم زەربەی دامەزراوەکان کارتەنین ، قسە قسەی سەرکی حیزب یان بنەماڵەیە ، بۆیە کەمەگا تووشی سە بوون ئەبێ و لەکار ئەخرێ بە شێوەی ئیفلیج بوون ، کە ئەمەش لە قازانجی دەسەاتە و کەمەگا هەر کە شوێنی خۆی ئەبێ و تەراویح ئەکا بەرەوپێش چوون بەخۆیەوە نابینێ.....

لە سیستەمی سەقەتی حکومەتی سەقەت دز ئەبێ بە حاکم . گورگ بە شوان و شوانیش بە دڕەبگ ، ئاوچی ئەبێ بە وەزیر ، حەیتێ بە پێش نوێژ ، موهەیج ئەبێ بە ئەکتەر، خەباتگێڕی لات و لەواری دونیای شاخ ئەبێ بە ملیاردێر ، بسنسمان بە سیاسی ، ئیسلام بە پێوولێ ، درەکردن ئەبێ بە خیسەتەکی ئەژانێ بەتایبەتی لە مەجالیسی حیزبی و حکومی ، بیرەوەری ئەبێ بە سیناریۆی فیلمی کوردێ ئازاکێ ، قاچاخچیش بە سینەماکار ، معاش ئەبێ بە مەتەڵی ساێ ، داهات وەک جنۆکێ ناوی هەیە و دیار نیە ، لەسەر پێند و حیکمەتکانی سەرەک !!دکتەرا وەرئەگیرێت ، موستەشار و ئێنفالچی و فایلدار هەویەی نیشتمان پەروەری دابەش ئەکەن..، چەک وەک تەسبیح بە زەربەی خەڵکێ ، ، ئاش بەتاێ ئەبێ بە نسکۆ..!! ، دوای رەمەزان وقوربان ،سی و یەکی ئابیش بە جۆژن ، نەخێنەوارکانی حیزب توژێکی تازەی کەمەگا ئەهێنێ کایەوە بەناوی" مشەخۆرکانی پارلەمان"..حکومەت ئەبێ بە چاودێر و

پارلەمانیش فەرمانگەیەکی کۆ و لاڵی جۆ بۆجکار ، موعارزە دەوری پاشکۆ ئەبینە و لەسەر نەزەریەی" گوتم لە هیچ نەبوو..هیچم نەدی..هیچم نەووت.."بەشداری حکومەتە ، دراوسێ ی داگیرکەر میوانێکی هەمیشە لەسەر چاوانێ و کوردیش لە جیاکانی خاکی خۆی ،او ئەنرە ، مامۆستا لە نەبونیا ئەبە بە سایەق تاکسی و " ابو القطعتین" ی دونە خاوەنی کەمپانیای سەیارەیە ، میژوو لەدەستی دەسەڵاتدارکانا ئەبە بە کەنکەن بە ئارەزووی خۆیان پڕی لە دروست ئەکەن و وەرەقەی رابردوی خیابات ئەخەنە حوزوە ، ڕۆژنامە فرۆش تەرفیع ئەکا بە ڕۆژنامە نووس ، پارە ئەبە بە کیلەی کەشی ئەخلاقیات و ئینسانیەت ،بوغز جۆ بە عەشق لەژ ئەکا و نزگرە بە مەسیقا و عەرزوحاڵ بە شیعر ، دزی و جەردەیی ئەبە بە پەنجەرەیەکی بە شووشە چاکسازیش بۆ بەرد..

چیرۆک بۆ منداڵان.. سەیرانێکی پایزی.. عەلی حەمەڕەشید

دەمێک بوو تامەزرۆی بینینی دیمەنە جوانەکانی وەرینی گوڵەای دارەکان بووم لە وەرزی پایزدا ،بۆیە لەگەڵ باوکم و دایکم و خوشکەکەم ئەوارێیەکی پایز ڕەنگەی یەکێک لە سەیرانگاکانمان گرتەبەر ،هەر گەیشتینە ئەوێ باوکم لایدا و ئۆتۆمبێلەکەی لەو شوێنەدا وەستان کەلە وەرزی بەهار دا چەند جارێک بە سەیران هاتبووین لەوێدا کاتێکی خۆشمان بەسەر بردبوو،ئەو کاتە سەوزایی وەکو فەرشێک زەویەکەی داپۆشیبوو،گوڵەای دارەکانیش سەوز بوون،کەچی ئێستا زەر جیاوازە و زەویەکە فەرشە سەوزەکەی گوڵەای وەریو و زەردە ،ئەو کاتە کە شنەی باکە دڵەهات خۆشی دڵخستە دەمانەوە و گەرماکەی کەم دەکردەوە، ئەمڕۆ ئەو کزە بایە ساردە و ئۆگەر بەباشی خۆمان نەپۆچایەوە ئەوا دوور نەبوو نەخۆشی نەخستینایە.لەناو گوڵەا وەریوکاندا کەمێک وێنەی جوانمان گرت،نازانم بۆچی ئەو گوڵایانە هێندە سەرنجڕاکێش و دڵگیر بوون ،لەگەڵ باوکم ئەو ناوە گوڵاین و یەک یەک سەرنجی دارەکانم دەداو دەستم لە گوڵاکانی سەر زەویەکە دەدا.گەیشتینە لای دارێک زەر جوان بوو گوڵاکانیشی سەوز بوون،وتم بابە ئەم داریان بۆچی گوڵاکانی نەوەریون و هەر بەسەوزی

ماون؟باوکم تەماشایەکی کردم وەکو بێ ئەی خەت نایزانی؟منیش وتم بابە گیان هاتووە بیرم ،هەندێک دار هەن چوار وەرزە سەوزن .ئەمەش یەکێکە لەوانە و ئەوانەی تریش هەر پایز هات گەڵاکانیان دەوەرن.چەندە خەشە ئەو گەڵانکارییانەی کە لە سروشتدا رووددەن ئاوا بەچاوی خەمان بیان بینین. تا باشتر لێیان تێبگەین و لە بیریشمان نەچێتەوە.کە گەڵاینەوە بە لای دایکم و خوشکە بچکۆلانەکەم خواردنەکی خەشی بە دانابووین .تەرمان لەخوارد بێاستی زەر خەشبوو بەلامەوە و سەیرانەکەی زیاتر لا خەشکردم.. .